# ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی کوردیدا

پ. هـ. د فرهاد عزیز حسن
بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین/ مەخموور

**پوختە:**

ئەژدیهاکوژی لە ئەفسانەی میللەتاندا جێگە و پێگەیەکی شایانی هەیە و لە ڕیزی کۆنترین ئەفسانە پاڵەوانێتییەکان پۆلین دەکرێن. کۆنترین ئەفسانەی کوردیی سەبارەت بە پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ لە کتێبی ئاڤێستادا گێڕدراوەتەوە. لە بەشە جیاجیاکانی ئاڤێستادا باسی پاڵەوانێتی کێرێساسپە کراوە کە بە پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ ناسراوە. بەسەرهاتی پاڵەوانێتی ئەم پاڵەوانە ئەفسانەییە پڕیەتی لە جەربەزەیی و میرخاسی کە بە زمانی کۆنی کوردی، لە دەقی ئاڤێستادا تۆمار کراوە. هاوتەریبی ئاڤێستا هەندێ بەشی ئەم ئەفسانەیە لە کتێبە پەهلەوییەکاندا بەوردی گێڕدراوەتەوە و سەرنجی پێدراوە کە لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوانە دەکرێ بەشە نادیارەکانی گێڕانەوە ئاڤێستاییەکەی پێ کامڵ بکرێ. لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە تیۆری (شیکاری ئەفسانەیی) هەوڵدراوە بەشە جیاجیاکانی ئەفسانەی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ لە گێڕانەوە ئاڤێستایی و پەهلەوییەکان کۆبکرێنەوە و شیبکرێنەوە. شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم ئەفسانانە ئەم ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە کۆنترین ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی زارەکیی کوردیی بۆ یەکەمینجار لە کتێبی ئاڤێستادا شێوەی نووسینی وەرگرتووە و بە باوەڕی دێرینی دینی و نەتەوەیی گەلی کوردەوە گرێدراوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی، ئاڤێستا، دەقە پەهلەوییەکان، کێرێساسپە.*

**پێشەکی:**

ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی و پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ لە ئەدەبی فۆلکلۆری جیهانیدا جێگە و پێگەیەکی شایانی هەیە و لەناو زۆربەی نەتەوە دێرینەکاندا ئەم شێوە پاڵەوانێتییە پەسندی هزر و خواست و ئاواتی گەل بووە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەروەکوو زۆربەی ئەفسانە و داستانەکان، ئەم جۆرە ئەفسانەیە لە سۆمەرستانەوە سەرچاوەی گرتووە و بەناو گەلانی میزۆپۆتامیادا بڵاوبووەتەوە. گەلی کورد کە یەکێک لە کۆنترین گەلانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە بنچینەدا میراتگری شێوازی ژیان و بیروباوەڕ و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شارستانییەتی سۆمەری بووە و بەم چەشنە ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا بەشێوەی زارەکی و لە چوارچێوەی ئەدەبی فۆلکلۆردا گەشەی بە سوڕی ژیانی خۆی داوە و دواجار لە قۆناغێکی مێژوویی‌دا شێوەی نووسراویان وەرگرتووە. نووسینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەستی پێکردووە و تاکوو ئەم ڕۆژگارە هەر بەردەوام بووە.

کێرێساسپە ناوی یەکێک لە کۆنترین پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی گەلی کوردە کە بەسەرهاتی پاڵەوانێتییەکەی بۆ یەکەمینجار لە چوارچێوەی کتێبی ئاڤێستادا تۆمار کراوە. ئاڤێستا سەرەڕای ئەوەی کتێبێکی پیرۆزی دینییە، لە هەمان کاتدا بەرهەمێکی ئەدەبی پڕبایەخە کە بەشێکی زۆری ئەفسانە و داستان و بەسەرهاتی پاشا و پاڵەوانە ناودارە دێرینەکانی گەلی کوردی تێدا تۆمار کراوە و بە زمانێکی ئەدەبی و ڕازاوە بە هونەرە شیعرییەکان داڕێژراوە و لە بنەڕەتدا بە سەرچاوەی هەرە دێرینی زمان و ئەدەبی کوردی دادەنرێ.

ئەفسانەی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ یەکێک لە ئەفسانە سەرەنجڕاکێشەکانی گەلی کوردە کە لە بەشە جیاجیاکانی ئاڤێستادا گێڕدراوەتەوە. بەپێی کتێبی ئاڤێستا ئەم پاڵەوانە پایەبەرزترین پاڵەوانی نیشتمانی (ئەییرییەن ڤاچە) واتا کوردستانی دێرین بووە. کێرێساسپە ئەم پاڵەوانە جوامێرەیە کە ڕووبەڕووی چەندین ئەژدیها و دێوی مەترسیدار دەبێتەوە و جیهان و بوونی مەزدایی لە نوشست و لەناوچوون دەرباز دەکا و دەیپارێزێ. بەسەرهاتە پاڵەوانێتییەکانی ئەم ئەژدیهاکوژە بە بیروباوەڕ و تێڕوانینی دینی مەزداپەرستی واتا زەردەشتیی گرێدراوە و دواجار ئەم پاڵەوانە بەپێی تێڕوانینی دینی زەردەشتی لە کۆتایی جیهاندا دووبارە هاوشانی نەمرانی دینی زەردەشتی دەردەکەوێتەوە و دوایین زەبری کوشندە لە ئەژدیدەهاکە (زوحاک) دەدا کە هێما و ڕەمزی هێزە خراپییەکانە و جیهان لە گشت ناشرینی و پیسی و خراپییەک پاکژ دەکاتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا بەپێی تیۆری شیکاری ئەفسانەیی و پشت بەستن بە زانیاریی کتێبخانەیی هەوڵی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و ڕێکخستنەوەی ئەم ئەفسانەیە دراوە. لە شیکردنەوەی ئەم ئەفسانەیەدا دەقە دینی و ئەدەبییە کۆنەکانی گەلی کورد کە بریتین لە کتێبی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، کەرسەی سەرەکی توێژینەوە بوونە و ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاکوو ئاوڕێکی جدی لە میراتی کولتووری و نەتەوەیی گەلی کورد بدرێتەوە. ئەو میراتە مەزنەی کە بە درێژایی چەندین دەیە، خاوەنە سەرەکییەکەی لێی بێبەش کراوە. هەروەها پیشاندانی سامانی شکۆمەندی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە کە لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا هەوڵی نووسینەوە و تۆمارکردنیان دراوە.

گرفتی توێژینەوە ئەوەیە کە دەقە ئەدەبی و دینییە کۆنەکانی کورد تا چ ڕادەیەک توانیویانە و هەوڵیانداوە سامانی بیروباوەڕ و هزر و شارستانییەتی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی دەقی دینیدا بپارێزن و بۆ نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگە بیانگوازنەوە.

## ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی

ئەم جۆرە ئەفسانەیە لەناو گەلانی جیهاندا پیشاندەری گیانی پاڵەوانێتی و ڕزگارکردنی هۆز و نەتەوە لە ژێر هەژموونی هێزە خراپەکانە. بۆ نمونە لە ئەفسانەی یۆنانیدا هێرکولێس وەکوو پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ ناسراوە، ئێدیت هامیلتۆن سەبارەت بەم بابەتە دەنووسێ: ((خواوەندەکان بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەر دێو و ئەژدیهاکان پێویستیان بە یارمەتی هێرکولێس بوو.))[ادیت هميلتون، ١٣٨٧: ٢١٧] لە ئەفسانەی چینیدا (یی) تیرهاوێژی کارامە کە لەلایەن خواوەندەکانەوە نەمری پێبەخشراوە، وەکوو پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ دەردەکەوێ و دێوی وشکەساڵی لەناو دەبا.[آنتونی کریستی، ١٣٨٤: ٩١] لە ئەفسانەی هیندیدا زۆربەی بەسەرهاتە پاڵەوانێتییەکانی (ڕاما) لە کتێبی (ڕامایانا)دا گێڕدراونەتەوە و گرنگترین شەڕی ئەم پاڵەوانە لەگەڵ (ڕاونا)ی ئەژدیها دایە. لەم کتێبەدا هاتووە: ڕاما ڕووبەڕووی ڕاونا ئەژدیها – دێوێکی بەدفەڕ دەبێتەوە و تیربارانی دەکا و لەناوی دەبا و گەردوون لە زیانی ئەم ئەژدیهایە دەپارێزێ.[وال میکی، ١٣٧٩: ٤٠٣] بە بەراوردکردنی ئاڤێستا و ڕامایانا، دەردەکەوێ لێکچوونێکی زۆر لە نێوان کێرێساسپە و ڕامادا هەیە. ((ڕەنگە هەندێ لە پاڵەوانێتییەکانی کێرێساسپە بۆ ئەم پاڵەوانە هیندییە گواسترابێتەوە.))[هاشم رضی ٢، : ٩٣٠] ئەژدیهاکوژی ناوەڕۆکی زۆربەی ڕووداوە پاڵەوانێتییەکانی کێرێساسپە پێکدێنێ و لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا سەرجەمی ئەم جەربەزەییانەی گێڕدراونەتەوە. گێڕانەوەی ئاڤێستایی ئەم ئەفسانانە کورت و پچڕپچڕن، بەڵام لە دەقە پەهلەوییەکاندا بەوردی گێڕدراونەتەوە.

## کێرێساسپە لە ئاڤێستادا


ڕووداوی پاڵەوانێتی و ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە لە چەند بەشێکی ئاڤێستادا گێڕدراونەتەوە وەکوو یەسنە هائیتی نۆیەم، یەشتی پێنجەم، یەشتی یازدەم، یەشتی سێزدەم، یەشتی نۆزدەم و ڤیدەئێڤەداتە. گێڕانەوەی ئەم ئەفسانەیە بەشێوەیەکی کورت و پوختە و بەزۆری لە گشت ئەم بەشانەدا دووبارەن. سەرجەمی ئەم دەقانە بەشێوەی تیلنیشان و ئاماژە، خێرا و سەرپێیی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی ئەم پاڵەوانە دەگێڕنەوە. پێدەچێ لە بەشێکی ئاڤێستادا سەرجەمی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە بەتەواوی وردەکارییەکانەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی


گێـڕدرابێتەوە، بـۆیە لەم بەشـانەدا ئاوهـا بە کـورت و پـوختی ئامـاژەی پێـدراوە. لە ئەنجـامی کنەوپشکنینی ورد ئاشکرا دەبێ لە کتێبی دینکەردا کە پوختەی سەرجەمی ئاڤێستای بە زمانی پەهلەوی تێدا ڕوونکراوەتەوە، ئاماژە بە بەشێک دراوە بەناوی سوتکەرنەسک و لەم بەشەدا باسی پاڵەوانێتی کێرێساسپە بەدرێژی گێڕدراوەتەوە.

بۆ یەکەمـین جار نـاوی کێرێسـاسـپە لە ئاڤێسـتا لە بەشـی یەسـنە هـائیتی نـۆیەم بەندی (٩، ١٠، ١١)دا هاتووە ئەم بەشەی یەسنەکان لە بنچینەدا بە (هەئوومە یەشتە) ناسراوە، چونکە هائیتی نۆیەمی یەسنەکان تایبەتە بە ستایش و پێداهەڵدانی ئیزەدی هەئوومە و لەم یەسـنەیەدا زەردەشـت لەکاتێکـدا خـۆی بـۆ نـوێژی بەیـانی ئامـادە دەکـرد، ئەم ئیـزەدە لە ئاسـمانەوە دادەبەزێ و خـۆی بە زەردەشـت دەناسـێنێ و گفتوگۆیەکی دوورودرێـژ لەنێوانیانـدا بەڕێوەدەچێ. ئەم گفتوگۆیە بەشێوەی پرسیار و وەڵام بەڕێوەدەچێ و تێیدا زەردەشت پرسیار لە هەئـوومە دەکـا کە چ کەسـێک بـۆ یەکەمینجـار و دووەم و سـێیەم جـار و ...هتـد گیـراوەی هەئوومەی ئامادەکردووە و هەئوومەش یەک بە یەک وەڵامی پرسیارەکانی زەردەشت دەداتەوە. لە سـێیەمین پرسـیاردا کە بەنـدی (٩، ١٠ و ١١)ی ئەم هـائیتییە پێکـدێنێ، لە وەڵامـدا نـاوی کێرێسـاسـپە و ڕووداوی ئەژدیهـاکوژییەکەی بـاس دەکـرێ. لەم دەقەی خـوارەوەدا ئامـاژە بە ڕووداوێکـی سـەمەرەی ئەفسـانەیی دەکـا کە تێیـدا کێرێسـاسـپە لەکـاتی نیـوەڕۆ کاتێـک خەریکی ئامادەکردنی فراوین بووە، ئـاگرێکی گەورەی داگیرسـاندووە و قـازانکی لەسـەر ئـاگر دانـاوە و ئاگاداری ئەوە نییە لەم شـوێنەی ئـاگرەکەی هەڵکـردووە ئەژدیهـای سـرڤەرێ (سـەربەقۆچ) خـۆی مەڵاس داوە. ئەم ئەژدیهـایەی کە ئەسـپ و مـرۆڤ وەکـوو خـۆراک هەڵدەلۆشـێ. ئەژدیهـایەکی یەکجـار گەورە کە ژەهرێکـی زەردی هەیە و فشـەی ژەهرهاویشتنی مەودایەکی زۆر دەبڕێ. بەهۆی تینی گەرمی ئەم ئاگرە، ئەژدیها دەخووسێتەوە و ئـارەق دەکـا و لەپـڕا خـۆی تێهەڵـدەدا و قـازانکی ئـاوی کـوڵاو دەپـژێتە سـەر ئـاگر و کێرێسەسپەی نەریمان خۆی دەداتە لایەک و خۆی دەپارێزێ.

| | |
|---|---|
|  | کەسێ توانێم ثریتەئۆ هەئومە مەشائۆ<br>ئەستوودیثیای هونیتە چەشتیای<br>کا ئەهمای ئەشیش ئێرێناووە<br>چیت ئەهمای جەسەت ئایەپتێم |
| چ کەسێ تـۆی سـێیەمینجار هەئـومە، لە جیهـانی هەسـتیمەند(خاکی) هێنـایە چەشـتن، کامە پاداشتی باشی پێدراوە، چ بەختێکی باشی پێگەیی؟ (یەسنە، هائیتی ٩، بەندی ٩) | |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

<table>
<tr>
<td></td>
<td>هەئومۆ ئەشەڤە دیرەئۆشۆ<br>ثریتـۆ سـامەنەم سێڤیشـتۆ ثریتەئـۆ مەنـم مەشەئۆ<br>ئەستوواثیای هونیتە چەشتیای<br>ها ئەهمای ئەشیش ئێرێناوی<br>تات ئەهمای جەسەت ئایەپتێم<br>ئیەت هێ پوثره ئوزەیۆئیثێ<br>ئورڤەخشەیۆ کێرێساسپە<br>تکائیشۆ ئەنیۆ داتۆرازۆ<br>ئائەت ئەنیۆ ئوپەرۆکەیریۆ<br>ئییەڤە گەئێسوش گەذەڤەرۆ</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">هەئـومەی پـاکـی دووره مەرگ گـوتی: سـێیەمین [کەس] سـامی سـوودخواز بـوو منـی لەنـاو خەڵکـی جیهانـدا هێنـایە چەشـتن. هـائەم پاداشـتەی بەبەش پێـدرا ئەم بەخـتە باشـەی پێـدرا [کە] دوو کـوڕی بـۆ بێـتە زایین(لەدایکـبن) ئورڤەخشـیە و کێرێسەسـپە. یەکەم هێنــای ڕازی دادوەری، ئەویــدیکە هێنــای پــاڵەوانێتی جــوانی گێســوو درێــژی گورزوەشێن. (یەسنە، هائیتی ٩، بەندی ١٠)</td>
</tr>
</table>

بەپێی ئەم دەقە (سام) ناوی باوکی کێرێساسپەیە و خاوەنی دوو کوڕ بووە، یەکیان ئورڤەخشـیەیە کە کەسـێکی یاسـازان و دادپەروەر بـووە و ئەوی دیکەیـان کێرێساسـپەی پـاڵەوانی خـاوەن پرچـی بەگـوریزە و گورزوەشـێن بـووە. لە دەقـی خـوارەوەدا کێرێساسـپە بە سیفەتی (نەریمان) واتا نەبەز و پاڵەوان ناسێنراوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | |
|---|---|
| [illegible] | ئیۆ جەنەت ئەژیم سرڤەرێم |
| [illegible] | ئییم ئەسپۆچەرێم نێرێ گەرێم |
| [illegible] | ئییم ڤیشەڤەنتێم زەئیریتێم |
| [illegible] | ئییم ئوپەیری ڤیش ئەرەئۆجەت |
| [illegible] | ئارشتیۆ بەرێزە زەئیریتێم |
| [illegible] | ئییم ئوپەیری کێرێساسپۆ |
| | ئەیەنگهە پیتیم پەچەتە |
| [illegible] | ئا رەپیتوینێم زرڤانێم |
| [illegible] | تەفسەتە هۆۆ مەیرییۆ خیسەتە |
| [illegible] | فرەنش ئەیەنگهۆ فرەسپەرەت |
| [illegible] | ئیەئیشیەنتیم ئاپێم پەراوەنگهات |
| [illegible] | پەرەنش تەرشتۆ ئەپەتەچەت |
| [illegible] | نەیرێمەناو کێرێساسپە |

ئەوی لێیدا (کوشتی) سرڤەرێ، ئەوەی ئەسپی دەچەری(دەخوارد) نێر(خەڵک)ی دەگروی(دەخوارد) ئەوەی فشەی ژەهرەکەی دەهات، هێندەی رمێک ژەهرەکەی هەڵداویشت. ئەوەی کێرێساسپە لە سەر پشتی لەناو قازانک لێیدەنا ئالەکاتی فراوین، تەفتایەوە و لەناو ئاودا خووسایەوە(ئارەقەی کرد)، راپەڕی لەبن قازانک و ئاوی کوڵاوی هەڵپژاند، خۆی هاویشتە لاپەڕگەیەک کێرەسێسپەی نەریمان. (یەسنە، هائیتی ۹، بەندی ۱۱)


لەم سێ بەندەی هەئوم یەشتدا کە لە یەسنای نۆیەم گێڕدراوەتەوە، هەر ئەوەندە باسی کێرێساسپە و ئەژدیهای سرڤەرێ کراوە. لە (زامیادیەشت)دا بەشێوەیەکی خێرا سەرجەم ئەفسانە پاڵەوانی و ئەژدیهاکوژییەکانی کێرێساسپە باس کراون. لە دەقی ئاڤێستای گێڵدنێردا لە کەرتی شەشەمی زامیاد یەشت بەندی ۳۸دا جارێکی دیکە باسی کێرێساسپە کراوە و سەردەمی ژیانی ئەم پاڵەوانە ئاشکرا دەکا کە بۆ رۆژگاری ییمە واتا جەمشید دەگەڕێتەوە. لەم بەندەدا ئاماژە بەوە دراوە بۆ جاری سێیەم خوەرێنە واتا شکۆ و فەڕی یەزدانی لەسەر شێوەی باڵندە هەڵدەفڕێ و کێرێساسپەی نەریمان ئەم باڵندەیە کەیی دەکا و دەیگرێ. لە بەندی ۳۹دا بابەتی نەمری و هەرژیوی کێرێساسپە ئاشکرا دەکرێ و بەم چەشنە چارەنووسی ئەم پاڵەوانە بە رۆژی دوماهیک دەبەستێتەوە. لە بەندی ٤٠دا رێک ئەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بابەتە دووبارە بووەتەوە کە لە یەسنە هائیتی ٩، بەندی ٩ گێڕدراوەتەوە.[ Geldner, II, 1889: 247-248]

لە زامیاد یەشتدا جگە لەم ئەژدیهاکوژییەی کێرێساسپە کە لە یەسنە هائیتی نۆیەمدا هاتووە، چەند ڕووداوێکی دیکەی ئەفسانەیی سەبارەت بە ئەژدیهاکوژی ئەم پاڵەوانە گێڕدراونەتەوە کە هەر یەک لەم ئەفسانانە پیشاندەری هزر و باوەڕی ئەفسانەیی گەلی کورد لە ڕۆژگاری کۆنن. لێرەدا سەرجەمی ئەم بابەتانەی سەبارەت بە کێرێساسپە لەم یەشتەدا گێڕدراونەتەوە وەکوو خۆی دەگوازرێنەوە و بەوردی تاوتوێ دەکرێن.

| | |
|---|---|
| ئیەت ثریتیم خوەرێنۆ ئەپەنێمەتە خوەرێنۆ ئیمەت هەچە خشەئێتەت شوسەت خوەرێنۆ ئیمەت هەچە ڤیوەنگهوشەت مێرێغەهێ کێهەرپە ڤارێغنەهێ. ئەئۆم خوەرێنۆ هەنگەئێ ئورڤەئیەتە نەیریمەناو کێرێساسپۆ ئیەت ئاس مەشیانانم ئوغرەنانم ئەینیۆ زەرەثوشترات نەیریەیات پەرۆ هانم ڤێرێتۆئیت. |  |
| سێیەمین کەڕەت خوەرێنۆ پەڕی(ڕۆیی). خوەرێنۆی ئییمە(جەمشید) لە ئییمەی دەرەوشاوە جیابووەوە. خوەرێنۆی ئییمەی کوڕی ڤیوەنگهە، بە پەیکەری مەلی ڤارێغنە هەڵفڕی. ئائەم خوەرێنەیە هەنگی گیراوە لەلایەن کێرێساسپەی نەریمان، کە لە جوامێریدا جگەلە زەردەشت لە گشت خەڵکی دلێرتر و وێراترە. [زامیادیەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٣٨] | |

هۆکاری پاڵەوانێتی و سەرکەوتن و ئازاییەتی کێرێسەسپە لەم بەندەدا بۆ ئەوە دەگەڕێنرێتەوە کە توانیویەتی خوەرێنە بەدەست بێنێ. خوەرێنە واتا فەڕ و شکۆی یەزدانی، ئەم فەڕ و شکۆیەی لەلایەن ئەهورامەزداوە بە پاشا دادپەروەر و باوەڕدارەکان و پاڵەوانی گەل دەدرێ. لەم دیمەنە ئەفسانەییەدا خوەرێنە وەکوو مەلی ڤارێغنە کە ڕەنگە هەمان سیمرغ یان هوما بێ، لە ئییمە کە هەمان جەمشیدە جیادەبێتەوە و کێرێساسپە ئەم مەلە دەگرێتەوە و وەکوو کەسێک کە خاوەن شکۆ و فەڕی یەزدانییە دەناسێنرێ. هەر کەسێک خاوەنی خوەرێنە بێ، بەسەر گشت دوژمن و دێو و ئەژدیهایەکدا سەردەکەوێ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | |
|---|---|
| [illegible] | ئیسیات دیم ئـوپەنگهەچەت ئییا<br>ئاوضرە نەئیری<br>هـانم ڤەرێیتـیش نەئیریـانم هـانم<br>ڤەرێیتێم ئیەزمەیدی<br>ئێرێژڤۆ زێەنگانم ئەخوەفنیانم<br>ئاسیتۆ گاتیم جەغائوروم<br>ئییا ئوپەنگهەچەت کێرێساسپێم |
| ئەوها پەنگی دایەوە ئەم بەهێزی و نێراتییەی بەبەری داهات، ئەو نێـــراتییەی بەبەری داهـــات مەزن ڕادەگـــرین، کە ڕاوەســـتاوە و نـــاخەوێ و ناحەسـێتەوە لە پێخەفدا، ئەوەی پەنگـی دایەوە لە کێرێساسـپەدا. [زامیـاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٣٩] | |

بەپێی ئەم بەندەی زامیادیەشت کێرێساسپە بەشێک لە فەڕ و شکۆی یەزدانی کە تایبەت بووە بە ئییمە بەدەست دێنێ، بەهۆیەوە توانا و لێهاتوویی و نێرایەتی و جوامێری لە ناخی ئەم پاڵەوانەدا پەنگ دەخواتەوە و هێز و توانستێکی ڕادەبەدەری پێدەبەخشێ.


| | |
|---|---|
| [illegible] | ئیۆ جەنەت ئەژیم سرڤەرێم<br>ئییم ئەسپۆچەرێم نێرێ گەرێم<br>ئییم ڤیشەوەنتێم زەیریتێم<br>ئییم ئوپەیری ڤیش رەئۆجەت<br>خشڤەئیپیە ڤەئینەیە بەرێشنە<br>ئییم ئوپەیری ڤیش رەئۆجەت<br>ئارشتەئۆبەرێزە زەیریتێم<br>ئییم ئوپەیری کێرێساسپۆ<br>ئەیەنگهە پەیتیم پەچەتە<br>ئا رەپیتوینێم زرڤانێم<br>تەفسەتچە هۆ مەیریۆ<br>نەیریمەناو کێرێسەسپۆ |
| ئەوی لێیـدا (کوشـتی) سـرڤەرێ(ئەژدیهای شـاخدار)، ئەوەی ئەسـپی دەچەری(دەخـوارد) نێر(خەڵـک)ی دەگروی(دەخـوارد) ئەو ڤیشـەوەند(ژەهردار)ی زەردە، ئەوەی ژەهـری لـێ دەڕژێ لە هەنـاو و دەم و لـووتی. ئەوەی ژەهـری زەردی لێـدەڕژێ هێنـدەی بەرزی ڕمێـک. ئەوەی کێرێساسپە لە سەر پشتی لەناو قازانک لێیدەنا لەکاتی فراوین، تەفتایەوە و | |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| |
|---|
| لەناو ئاودا خووسایەوە(ئارەقەی کرد)، ڕاپەڕی لەبن قازانک و ئاوی کوڵاوی هەڵپژاند، خۆی هاویشتە لاپەڕگەیەک کێرەسێسپەی نەریمان. [زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤٠] |


لەم بەنـدەدا هەروەکوو ئەوەی لە یەسـنە هـائیتی نۆیەم گێـڕدراوەتەوە، کێرێساسـپە دوای ئەوەی دەبێـتە خـاوەنی خـوەرێنە، خـۆی لە بەرانـبەر ئەژدیهـایەکی یەکجـار دڕنـدە و ئەفسانەیی دەبینێتەوە و لەناوی دەبا و دەیکوژێ.

| | |
|---|---|
|  | ئیـۆ جەنەت گەئەنـدەرێڤێم ئیـیم زەئیـری<br>پاشنێم ئییم ئەپەتەت ڤیزەفارۆ<br>مێرێخشانۆ گەئیثاو ئەستووەیتیش ئەشەهی.<br>ئیۆ جەنەت هونەڤۆ ئییەت پەثەنەیە نەڤە<br>هونەڤەسچە نیڤیکەهی<br>هونەڤەسچە داشتەیانۆئوش<br>ئیۆ جەنەت زەرەنیۆپوسێم هیتاسپێم<br>ڤەرێشەۆمچە دانەیەنێم<br>پوتەئۆنێمچە ئەشپەیریکێم. |
| ئەوەی لێیـدا لە گەنـدەرۆی پـاژنە زێـڕین، ئەوەی بەتەمـا بـوو بە دەمـی کـراوە هەڵی لۆشێ گێتی پـاکی ئەستومەند(مادی). ئەوەی لێیدا(کوشتی) نۆ نەوەی پەتنیە، نەوەکـانی نیڤیـک، نەوەکـانی داشـتیان، ئەوەی لێیدا(کوشـتی) هیتاسـپی زێـڕین سـان، ڤەرێشۆی دانەیی و پوتەنێی پەریوەر. [زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤١] | |


لەم بەنـدەدا کێرێساسپە ئەژدیهایەکی دیکەی ئەفسانەیی بەنـاوی گەنـدەڕۆی پاژنە زێڕین دەکوژێ کە بڕیاری دابوو جیهـانی ئەهوورایی لەنـاو بەرێ. هەروەهـا ڕووبەڕووی پۆلێـک پاڵەوانی ناسراوی سەردەمی خۆی دەبێتەوە و دەیانکوژێ وەکوو نۆ نەوەی پەتنیە، نەوەکـانی نیڤیـک، نەوەکـانی داشـتیان، هیتاسـپ کە ناسـراو بـووە بە هیتاسـپی تـاج زێـڕین، ڤەرێشـۆی دانەیـی و پـوتەنێی پەریـوەر. ئەم پاڵەوانـانەی لەلایەن کێرێساسـپەوە کـوژراون لە دەقـی پەهلەویـدا بە ئەژدیهـا و دێـوە ڕێگـرەکـان ناویـان هـاتووە. یەکێـک لەم پاڵەوانـانە نـاوی هیستاسپە کە ئورڤەخشییەی برای کێرێساسپەی کوشـتووە و ئەم پاڵەوانە لە تۆڵەی خوێنی براکەی دەیکوژێ و لەناوی دەبا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | |
|---|---|
|  | ئیۆ جەنەت ئەرێزۆشەمەنێم<br>نەیریانم هانم ڤەرێتی ڤەئەنتێم<br>تەخمێم فرازوشتێم... ئوشتێم<br>جیرێم زبەرێمنێم جیغائوروم<br>ئەفرەکەتەچیم بەروزوشتێم<br>ئەپەدیسێم نیایدائورو<br>ئەپەستەنەنگهۆ گەتۆ ئەرێزەهی |
| ئەوەی لێیدا(کوشتی) ئەرێزووی شەمەنی خاوەن هێزی مەردانە، ئەو نێرەپیاوە... ژیر و دەستوەشێن و وریایە، هەرگیز شکست نەدراو لە تەنگەتاوی مەیدانی نەبەردا. [زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤٢] | |

لە بەندی ٤٢ی زامیادیەشتدا هاتووە کێرێساسپە ئەرێزووی شەمەن دەکوژێ کە پێدەچێ پێشەوای دینێکی ڕەتکراو بووبێ و لە هەمان کاتدا پاڵەوانێکی بەتوانا و لێهاتوو و ژیر بووە کە هەرگیز لە مەیدانی شەڕدا ژێر نەکەوتووە.

| | |
|---|---|
|  | ئیۆ جەنەت سناڤیژکێم ئییم سرڤۆزەنێم<br>ئەسێەنگۆگاوم هۆ ئەڤەثە ڤیاخمەنیەتە<br>ئەپێرێنایو ئەهمی نۆیت پێرێنایو<br>ئییزی بەڤانی پێرێنایو<br>زاوم چەخرێم کێرێنەڤانی<br>ئەسمەنێم رەثێم کێرێنەڤانی. |
| ئەوەی لێیدا(کوشتی) سناڤیژەکی سەربەقۆچی سەخت هەنگاو، دەیگوت هۆ گەلۆ: هێشتا پێنەگەیشتووم و پێنەگەییوم، هەرکە پێبگەم زەوی دەکەم بە چەرخ و ئاسمان دەکەمە ڕووڕەوەی خۆم. [زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤٣] | |

لەم بەندەدا یەکێکی دیکە لە دێو و ئەژدیهاکان بەناوی سناڤیژەکی سەربەقۆچ بە دەستی کێرێسەسپە لەناو دەبرێ. ئەم ئەژدیهایە کەسێتییەکی یەکجار سەرسوڕهێنەری ئەفسانەیی هەیە. ئەم ئەژدیهایە مێرمنداڵ بووە و لەناو خەڵکیدا گوتوویەتی: ئێستا پێنەگەیشتووم و هەرکە گەورە بم و پێبگەم، زەوی دەکەم بە چەرخ و ئاسمانیش دەکەم بە ڕووڕەوەی خۆم. واتا ئاسمان دەکا بە کەژاوە و زەویش دەکا بە تایە و چەرخەکانی ئەم کەژاوەیە. لە بەندی داهاتوودا درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: کاتێک پێگەیشتم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سپەنتەمەینیو واتا سپیترین و پاکترین گیان و ئەنگرۆمەینیو واتا گڕووترین گیان کە یەکیان نوێنەر و هێمای هێزی پاکی و چاکییە و ئەویدیکەیان هێمای هێزی ناپاکی و خراپییە، لە کورسی دەسەڵاتداریێتی جیهان دادەبەزێنم و لە کەژاوەکەی خۆم دەیانبەستمەوە و دەسەڵاتی گەردوون بەدەستەوە دەگرم.

| | |
|---|---|
| [illegible] | ئەڤەنەیینی سپێئەنتێم مەینییم<br>هەچە ڕەئوخشنی گەرۆنمانە<br>ئوسپەتەیینی ئەنگرێم مەینییم<br>ئێرێجەتە هەچە دوژەنگهە<br>تی می ڤاشێم ثەئەنژەیاوەنتی<br>سپێئەنتەسچە مەینیوش ئەنگرەسچە<br>ئییزی مانم نۆیت جەنات نەیریمەناو<br>کێرێساسپۆ تێم جەنات نەیریمەناو<br>کێرێساسپۆ<br>ئەڤە ئەپەنێم گەییهی<br>.. سانێم ئوشتانەهی. |
| دادەنوێنم سپەنتەمەینیۆ لە گەرۆمانی ڕۆشەن(بارەگای یەزدان)، هەڵدەکێشم ئەنگرۆمەینیۆ لە دۆزەخی تاریک، پێیان داژۆم بەتیژی [ڕەورەوەکەم] بە سپەنتەمەینیۆ و ئەنگرۆمەینیۆ، هەکە بمێنم و نەمکوژێ کێرێساسپە. ئەوی کوشت کێرێساسپی نەریمان، ئەو لێیسەندەوە گیان و سان و دەسەڵات و هەموو شتێکی.[زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤٤] | |


ئەم ئەژدیهایە بە گەورەترین مەترسی بۆ خواوەندی پاکی واتا ئەهورامەزدا و خواوەندی هێزی خراپی واتا ئەهریمەن دادەنرێ، چونکە بێباکانە ئالینگاری دەسەڵاتی ئەم دوو خواوەندە دەبێتەوە؛ بەڵام کێرێساسپەی نەریمان دێت و لەناوی دەبا و گشت هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەم ئەژدیهایە لەسەر جیهانی مادی پووچەڵ دەکاتەوە.

لە ڕام یەشتدا کێرێسەسپە لەبەردەم خواوەندێک بەناوی (ڤەیو) یان (وایو) کە خواوەندی بای لەبارە، نزا دەکا و قوربانی بۆ دەکا تاکوو بەسەر ئەژدیها و دوژمنەکانیدا سەربکەوێ. لەم یەشتەدا لە لێواری ڕووباری ڕەنگها کە بەپێی کتێبی (بنیداهێشن) لە ناوچەی سووراک سەرچاوە دەگرێ، لەم خواوەندە دەپاڕێتەوە بەسەر هیتاسپەدا سەرکەوێ و تۆڵەی خوێنی براکەی بکاتەوە و هەروەها ئەستی گەفییە و ئائوو گەفییە و گەندەرۆ لەناو




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

بەرێ. لە ئەنجامی ئەم نزا و قوربانیکردنە، خواوەندی با (ڤەیو) کێرێساسپە بە ئاواتی خۆی دەگەینێ.

| | |
|---|---|
| تات ئیەزەتە نەیریمەناو کێرێساسپۆ<br>ئوپە گوذێم ئەپەغژارێم<br>ڕەنگهەیاو مەزداذاتەیاو<br>زەرەنەئینی پەیتی گاتۆ زەرەنەئینی<br>پەیتی فرەسپایتی زەرەنەئینی پەیتی<br>ئوپەستێرێنی فرەستێرێتات پەیتی<br>بەرێسمێن پێرێنێبیۆ پەیتی غژارەیەتبیۆ |  |
| نزای بۆ ئەو کرد کێرێساسپەی نەریمان، لەسەر گۆمی ئاوپژێنی ڕەنگهای مەزداداو، لەسەر تەختی زێڕین، لەسەر باڵگەی زێڕین، لەسەر ڕایەخی زێڕین، بە بەرسمەنی پانکراوە، لەسەر ژێدەری ئاو.[ڕام یەشت، کەرتی حەفتەم، بەندی ٢٧] | |

لەم دەقەدا شوێنی ژیان و زێدی کێرێساسپە ئاماژەی پێدراوە. ماڵی ئەم پاڵەوانە لە نزیک گۆمی ڕەنگهایە. بەپێی ئەم گێڕانەوەیە دەردەکەوێ کێرێساسپە خاوەن کۆشکێکی شاهانە بووبێ، چونکە باسی ئەوە دەکا کە بە تەختی زێڕین و باڵگەی زێڕین و ڕایەخی زێڕین ڕازاوەتەوە.


| | |
|---|---|
| ئەئۆم جەئیذیەت<br>ئەڤەت ئایەپتێم دەزدیمی<br>ڤەیوش ئیبۆ ئوپەرۆکەیریۆ<br>ئییەت کەئینە نیجەسانی<br>ئەزێم براثرۆ ئورڤاخشەیە<br>ئییەت جەنەنی هیتاسپێم<br>ڕەیثی پەیتی ڤەزەئیذیای<br>ئویتی ئەستی گەفیۆ ئاهی<br>ئیریش<br>ئویتی ئەئیڤۆ گەفیۆ<br>پەیتیش<br>ئویتی گەئەندەرێڤۆ ئوپاپۆ |  |




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی


لەوی ویا (لێی ویست) ئەم ئاواتەم بێنەدی ئەی ڤەیو(با) پڕکار و بەرهەم، ئەم کین(خوێن)ە بستێنمەوە هی برای خۆم ئورڤاخشیە، کە ئەم لێیدا(کوشتی) هیتاسپە و بە ڕەوڕەوی ببەستمەوە و فزەی لێببڕم. ئەویدی هەس گەفیۆی ئاهی ئیری، ئەویدی هەس ئەئیڤۆی پیر، ئەیدی گەندەرۆی ئاوژی. [ڕام یەشت، کەرتی حەفتەم، بەندی ٢٨]

لەم دەقە و دەقی دواتر بیروباوەڕ و دینی ئەم پاڵەوانە ئاشکرا دەبێ. لە دەقی سەرەوەدا کە لە ڕام یەشت کەرتی حەوتەم بەندی ٢٨ وەرگیراوە، ئەم پاڵەوانە نزا و قوربانی بۆ خواوەندی ڤەیو واتا با دەکا. هەروەها لە ئابان یەشت کەرتی دەیەم بەندی ٣٧ و ٣٨دا جارێکی دیکە ئاماژە بە نزا و پاڕانەوە و قوربانیکردنی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ کراوە کە تێیدا ئەمجارەیان ئەم پاڵەوانە نزا بۆ (ئەرێدڤیسورئەناهیتە) خواوەندی پیت و فراوانی دەکا و سەت ئەسپ، هەزار جوانەگا و دە هەزار مەڕی بۆ قوربانی دەکا و لێی دەپاڕێتەوە بەسەر ئەژدیهای (گەندەرۆ)دا سەرکەوێ و لەناوی بەرێ و ئەم خواوەندەش نزا و قوربانییەکانی ئەم پاڵەوانە پەسند دەکا و ئاواتەکەی بەدیدێنێ.

<table>
<tr><td></td><td>تانم ئیەزەتە<br>نەیریمەناو کێرێساسپۆ<br>پەسنی ڤەرۆئیش پیشینەنگهۆ<br>سەتێم ئەسپەناوم ئەرشنانم<br>هەزەنرێم گەڤانم<br>بەئێڤەرێ ئەیومەیەنانم.</td></tr>
<tr><td colspan="2">بۆی قوربانی کرد، کێرێساسپەی نەریمان لە واری پیشینە، سەت ئەسپی ڕەسەن، هەزار گا، دەهەزار مەڕ. [ئابان یەشت، کەرتی دەیەم، بەندی ٣٧]</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
|  | ئائەت هیم جەئیذیەت<br>ئەڤەت ئایەپتێم دەزدیمی<br>ڤەنگوهی سیڤیشتی ئەرێدڤی<br>سوری ئەناهیتی<br>ئیەت بەڤەنی ئەیڤیئیەنیاو<br>گەئەندەرێڤێم ئییم زەیریپاشنێم<br>ئوپە ئیەئۆ زێئەنتە کەرەنە<br>زرەیە ڤۆئوروکەشەیە<br>ئاتەچانی سیرێم نمانێم<br>درڤەتۆ ئیەت پەثەنەیاو<br>سکەرێنەیاو دیرەئی پارەیاو. |
| لەوی ویایە(لێی ویست) ئەوی ئاوەتەم بێنەدی ئەی پاکترینی بەتوانا ئەرێدڤیسوری ئەناهیتە، کە بێ وەی و بێ ترس، ئەو گەندەرۆی زێڕین پێ لەناو ببەم لە کەناری پڕ شەپۆلی زەریای ڤۆئورکەش، هەڵتەکێنم خانومانی بەهێزی درۆ، لەسەر پانتایی و خڕایی و بەرفراوانی پارچەکانی[زەوی]. [ئابان یەشت، کەرت دەیەم، بەندی ٣٨] | |


لە بەشی ڤیدەئێڤەداتەی ئاڤێستادا جارێکی دیکە ئاماژە بەناوی کێرێساسپە دراوە و تێیدا باس لە چارەنووسی ئەم پاڵەوانە دەکرێ کە لەلایەن دێو یان ئەژدیهایەکی بەدخوو بەناوی خنەثەئیتی فریو دەدرێ. ئەهریمەنی شەڕەنگێز ئەم دێوە یان ئەژدیهایەی ئافراندوە، ئەم دێوە بەپێی ئاڤێستا دەڵەدێویێکی سوزانییە و سەرکەوتووبووە لەوەی کە کێرێساسپە فریو بدا و تووشی ناپاکی بکا.

| | |
|---|---|
|  | ئائەت ئەهی پەیتیارێم فرەکێرێەنتەت ئەنگرۆ<br>مەینییوش پۆئورو مەهرکۆ پەیریکانم<br>ئیانم خنەثەئیتی ئییا ئوپەنگهەچەت<br>کێرێساسپێم. |
| ئالەم کاتەدا پیرەژنی پیس ئافرێنرا لەلایەن ئەنگرۆمەینیوی پڕمەرگ لەسەر شێوەی پەری هێنای خنەثەئیتی کە کێرێساسپەی بە فریو پەنا دا.[ڤیدەئێڤەداتە، پەرگەردی یەکەم، بەندی ٩] | |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە فرەوەشی یەشت، بەندی ٦١دا ئاماژە بە کۆتایی هاتنی ژیانی کێرێساسپە کراوە. بەپێی ئەم بەشەی ئاڤێستا لاشەی ئەم پاڵەوانە بەپارێزراوی دەمێنێتەوە و شینابێتەوە، چونکە لەلایەن (٩٩٩٩٩) فریشتەی پاکیی دەپارێزرێ. بەگوێرەی ناوەرۆکی ئەم دەقە دەردەکەوێ ئەم پاڵەوانە نەمردبێ، بەڵکوو خەوتبێ؛ چونکە لە کتێبی نۆیەمی دینکەردا ئاماژە بەوە دراوە لە ڕۆژی دوماهی کاتێک ئەژیدەهاکە کۆت و بەند هەڵدەتەکێنێ و ناپاکی لە جیهاندا بڵاودەکاتەوە، سەرلەنوێ جەستەی کێرێساسپە گیانی بەبەردا دێتەوە و ئەم ئەژدیها بەدفەڕە لەناو دەبا.[دینکەردی نۆیەم، پەرگەردی ١٤، بەندی ٢]


<table>
<tr>
<td></td>
<td>ئەشەئونانم... یەزەمەیدی ئیاو<br>ئەڤانم کێهرپێم ئەیڤیاخشەئییەنتی<br>ئیانم سامەهی کێرێساسپەهی<br>ئیەت گەئیسائوش گەزەڤەرەهی<br>نەڤەچە نەڤەیتیشچە نەڤەچە سەتە نەڤەچە<br>هەزارەنگرە نەڤەسێسچە بەئیڤانن.</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">گیانە پاکەکان ستایش دەکەین، ئەوانەی بە پەیکەر بێوەیی دەبەخشن(دەیپارێزن)، هی سامی کێرێساسپە، کە هەیتی گێسووی بەگوریزە، نۆ و نەوەد و نۆسەت و نۆ هەزار و نۆجاران دەهەزار بێوەی بن. [فرڤەشی یەشت، بەندی ٦١]</td>
</tr>
</table>

### کێرێساسپە لە دەقی پەهلەویدا

دەقە پەهلەوییەکان بەشێوەیەکی وردتر و درێژتر باسی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی ئەم پاڵەوانەیان گێڕاوەتەوە و زۆربەی گێڕانەوەکان تاڕادەیەک وەکوو یەکن و تەنیا لە چەند وردەکارییەکدا جیاوازن. ئەم جیاوازیانە لەم توێژینەوەیەدا دەسنیشان دەکرێن و دەخرێنەڕوو. لە بنچینەدا ئەم گێڕانەوانە تەواوکەری گێڕانەوە ئاڤێستاییەکانی ئەم ئەفسانەیەن کە لە بنەڕەتدا لە بەشێکی ئاڤێستای کۆندا بەناوی (سوتگەرنەسک)دا تۆمار کرابوون، بەڵام ئەم بەشەی ئاڤێستا لەناوچووە و تەنیا لە کتێبی دینکەردی نۆیەمدا کە پوختەی سەرجەمی ئاڤێستای کۆنی تێدا تۆمار کراوە، بەشە جیاجیاکانی سوتگەرنەسک بە کورتی باس کراون. چواردەیەمین پەرگەردی سوتگەرنەسکی ئاڤێستا تایبەت بووە بە گێڕانەوەی پاڵەوانێتی و ئەژدیهاکوژی کێرێسەسپە. لە خوارەوەدا ئەم پەرگەردە تاوتوێ دەکرێ.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

<table>
<tr><td>چــــوارەدمین پەرگەرتـــــی سوتگەرنەســـــک هەبەر نوانـــــدنی ئەهــورامەزدا هەچ زەرتوشــتی ڕوبــانی کێرێساســپەی ســامگرتیگ بــی. ترســــــــی زەرتوشـــــــت هەچ ئەوی ســامگرتگی و پەشــیمانی. گــوتنی کێرێساسـپە هەچ هەمەرێشـی زەتەنـی زیـــش مەرتـــوم بژیشـــتن زیـــش پەهرێتەکـانی هەچ ڤینـاس. و چەشـم ئاکاسیهـ زیش هەچ داتار ئەهورامەزدا پەوان زەتەن زیش ئاتەش.</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">چواردەیەمین پەرگەردی سوتگەرنەسک لەهەمبەر نواندن و پیشاندانی ڕەوانی سامگرتی کێرێساسپە بە زەردەشت. ترسا زەردەشت لەم هەموو سامگرتن و پەشیمانییە. گوتەی کێرێساسپە لەو هێرش و لێدان و پاڵەوانێتیانەی کە بەهۆیەوە خەڵکی ژیان و بەهۆی ئەوە پارێزران لە تاوانباران. ئەوەی بەرچاوە ئەوەیە داداری ئەهورامەزدا بەم کردارە باشانەش خانومانی پڕ ئاگری پێ بەخشیوە. [دینکەردی نۆیەم، پەرگەردی ١٤، بەندی ١]</td></tr>
</table>

کێرێساسپە ئەگەرچی جیهانی ئافرێنراوی لە ئەژدیها و دێوی ناپاک پاراستووە، بەڵام بەهۆی بێڕێزیکردن بە ئاگر و ئاوێتەبوون لەگەڵ دەڵەدێوی خنەتەئیتی بە ئاگری دۆزەخ سزا دراوە. لەم پەرگەردەی دینکەرددا ئاماژە بە دیداری زەردەشت و کێرێساسپە کراوە. زەردەشت لە گەشتێکی ڕۆحی لە چەشنی میعراجدا بەرەو ئاسمانەکان و بارەگای یەزدان و دواتر بەهەشت و دۆزەخ دەڕوا. لەم گەشتەدا چاوی بە ڕەوان و گیانی ماندوو و پەرێشان و پەشیمانی کێرێساسپە دەکەوێ. ئەم پاڵەوانە بە ژماردنی کردەوە باش و ئەژدیهاکوژییەکانی بۆ زەردەشت، تکای لێدەکا، لای ئەهورامەزدا نێوەندگیریی بۆ بکا بەڵکوو لە سزای دۆزەخ ڕزگاری ببێ و ڕەوانەی بەهەشت بکرێ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی


<table>
<tr>
<td></td>
<td>٢- وه بوهیســـــــــــــتنی<br>کێرێساسپه هەچ ئەهورامەزدا کوو ئی<br>پەهریم ئەهـوان پەوان کـوو کرتـارییە<br>هــامتییە کوشـــتن گەز ســــروبەر و<br>ستەمیەی ئەوی پیتیەرکی. و هەمتـیـە<br>کوشتنی گەنـدەرێوی زەئیـری پاژنـانی<br>شـــکەپتییە ئەوی درەوژن. و هەمتیـــیە<br>زتەن هـــون نیوشـــەکی نیڤیکـــان<br>دەشـــتانیکان، و گـــران ئەنیکیهـــی و<br>ڤیژەنـدی ئەویشـان. هەمتیـیە ڕامینیتنی<br>تکیـــژی واتـــی هەچ گیهـــان زیانیـــە<br>ڕاوەنەر و ئەوی دێمـان سـوتی داینـوانتی.<br>و پەوانیژ کوو ئـی ئـامەت دەهـاک هەچ<br>بەنـــد هەرژەگ ڤەکـــرتن ئـــی پەوان<br>مرنژاندنی گیان هەمبەر دبوریتن و داو<br>ئەوێسیانیتی گریتن ئەوی هەوستینیت<br>و پەوان وانیتەنـــی ئەوی کەبـد ئــاووژ<br>درەوژن ئەوی گیهان دام فراژدەت.</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">ویستی کێرێساسپە لە ئەهورامەزدا کە بهێڵە ئەهوەن ببمەوە (ئاسوودە ببم) بەهۆی ئەو کـرادارانەی کە کـردوومە وەکـوو کوشـتنی ئەژدیهـای سـروبەری و کۆتـایی هێنـان بە ستەمی ئەم بەدکردارە و هەروەکوو کوشتنی گەندەرۆی زێڕین پاژنە کە هەڵشکافترا ئەم درۆزنە، و هەروەکـوو لێـدانی خـوێنمژانی نەوەی دەشـتانی و کۆتـایی هێنـان بە ناپـاکی و بەدکاری ئەوان. هەروەهـا ڕامـکردنی باهۆز (تیـژی بـا) کـە زیانەکەیم لەسەر جیهـان ڕاونـا و ئارامم کـردەوە تاکوو سوودی بۆ دێ و نیشتمان هەبێ. هەروەها بەوانەش کە ڕۆژێک زوحـاک لە بەنـد وەدەبـێ و بۆ مرانـدن و لەناوبردنی جیهـان دێ و داو هەڵدەواسـێ و ئەو [کـێرێساسـپە] هەڵدەستێنێتەوە و بەم چەشـنە ئەو پیسـە دژوونە درۆزنە پەلاوێژ دەکـا و ئەم جیهـانە ئاسـوودە دەکاتەوە. [دینکەردی نۆیەم، پەرگەردی ١٤، بەندی ٢]</td>
</tr>
</table>

لە کتێبێکی دیکەی پەهلەوی بەشێوەیەکی دوور و درێژ ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە تۆمار کراوە. ئەم کتێبە بەشێوەی دەسنووس بە ژمارەی (م. او. ٢٩) لە کتێبخانەی زانکۆی شیراز پارێزراوە. بەشـی یەکەمـی ئەم کتێـبە لە لاپەڕە (٢ تـاکوو ٢٢) سـەبارەت بە دیـداری زەردەشـت و ڕەوان کێرێساسـپەیە. هەمـان ئەم دیدارەی لە کتێبـی دیـنکەردی نۆیەمـدا خـرایەڕوو، بەڵام لەم کتێبەدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕووداوەکان بە وردەکارییەوە گێڕدراونەتەوە. لەم کتێبەدا گفتوگۆی نێوان زەردەشت و ئەهورامەزدا و ئیزەدەکانی دینی زەردەشتی وەکوو نواندنێکی شانۆیی خراوەتەڕوو. لەم دیمەنەدا ئەهورامەزدا لە زەردەشت دەپرسێ ئایا دەخوازی ڕەوانی چ کەسێک لێرەدا ببینی کە بەڕای تۆ لە هەموو کەسێک باشتر و چاکترینە؟ زەردەشت دەڵێ: ڕەوانی کێرێساسپە. داواکاری زەردەشت پەسند دەکرێ و ڕەوانی ئەم پاڵەوانە لە بەردەمی ئامادە دەبێ. لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوانیان کێرێساسپە بە مەبەستی لێخۆشبوونی یەزدان سەرجەم کردەوە پاڵەوانێتی و ئەژدیهاکوژییەکانی خۆی بۆ زەردەشت دەگێڕێتەوە و داوای لێدەکا، وەکوو نێوەندگیر پاوانی بۆ بکا کە ئەهورامەزدا لە تاوانەکانی خۆشبێ و لە دۆزەخ دەریبێنێ و بە بەهەشت شادی بکا. ئالێرەوەیە کە ئەم ڕووداوانەی لە ئاڤێستادا بەشێوەی کورت و پوخت گێڕدراونەتەوە بە تێروتەسەل دەگێڕدرێنەوە و دیمەنەکانی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی و گۆڕەپانی شەڕی ئەم پاڵەوانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.




کوو پرەتوم هەندور گیتیگ کارژاری لەتەگی ئەژیکی سرووەرەک بیەکەیم. کوو ئەمیت هەژیش داهینی ئەناگاهی پەت کرێت وەس بویت. کوو چمیک ئەمیت ئومەرتیمان و ئەسپان بیەئوبەئاریت ئەویش هەبەر ددان ستونەگ بیەفیراز بوویت. کوو بیە درێژیش هەشتات بەژنیە دریژیک ئەویت. ئەویشان هەندۆر ددان ئومەرتە درویْد بیەهەسپاریت. پەتیش ئەویشان ئەژییە کوو داهینی هەبەر گیتیگ پەت ئەناگاهی و گیران ئوژەن بیەئوبیت. چیوون هەبەر ڕیبڕیت ئەوی ئەژییە بیەئووەم. پەت بامیتات کوو تا ئێیەبارەگانی. ڤەتو ئەبەگ پەت ئورزی گەئوسەری هوێنەر و زەرییگ ئەیشتەر بیەکارژاری ئەویشان ئەژییە سرووەرەگ بیەئوبیتم. ئەپدەم پەت هونەریکی خوێش و پەت هەیاریکی توو ئەهورامەزدا کووشان هەبەر بیەمەرینم. و گیهانی داهینی پەت ئەمەرگ و ئەبیش و ئەپەتیارەک بیەئوویت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| |
|---|
| که بەری هەموو شت لەناو جیهان شەڕ لەتەک ئەژدیهای سەروبەر (سەربەقۆچ) بکەم. که بەهۆی ئەوەوە داهێنان(ئافراندن) زۆر خراپی و کرێتی بەخۆیەوە بینی. کە چۆن هات و خەڵک و ئەسپەکانی قوودا. ددانەکانی ئەو هێندەی ئەستووندەیەک هەڵکشابوون. کە درێژییەکەی هێندەی هەشتا بەژن درێژ بوو. بە ددانەکانی خەڵکی دەدڕی و دەیهاڕین. بەهۆی ئەم ئەژدیهایە ئافراندنی گیتی لە ترس و خراپییەکی گراندا بوو. چۆن ڕووبەڕووی ئەو ئەژدیهایە بوومەوە، لە بەرەبەیانییەوە تاکوو ئێوارە، وەها بەوی گورزی سەرەگای خوێنین و ئەشتەرەی زێڕین شەڕی ئەو ئەژدیها سەربەقۆچە بکەم، تا ئەودەم بەهۆی هونەری خۆم و هاریکاری تۆ ئەی ئەهورامەزدا وەهای بکوژم کە جیهانی ئافرێنراو بێ مەرگ و بێوەی و بێ دوژمن بمێنێتەوە. [م. او. ۲۹، ٦] |

لێرەدا کێرێساسپە یەکەمین ڕووداوی پاڵەوانێتی و ئەژدیهاکوژی خۆی دەگێڕێتەوە و تێیدا باسی زیان و کاولکارییەکانی ئەژدیهایەکی ژەهرپڕێن و مەترسیدار بەناوی سروبەر دەکا. سروبەر لە دەقی پەهلەویدا شێوەی گۆڕاوی سرەڤەری ناوە ئاڤێستاییەکەیە. مانای ئەم وشەیە بریتییە لە سەربەقۆچ یان شاخدار کە مەبەست لێی ئەژدیهای شاخدارە. کێرێساسپە لە گێڕانەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لەگەڵ ئەژدیهای سەربەقۆچ وەسفی سیمای تۆقێنەری ئەم ئەژدیهایە دەکا کە ددانەکانی یندەی ئەستووندەیەک گەورە بوون و بەژنی هێندەی هەشتا بەژنی مرۆڤ درێژ بووە. وەسفی سیمای ئەم ئەژدیهایە لە دەقەکاندا لە ڕووی وردەکارییەوە تاڕادەیەک لەگەڵ یەکدیدا جیاوازن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەسەرجەمیاندا توانراوە سیمای تۆقێنەری ئەم ئەژدیهایە وێنا بکەن.

| | |
|---|---|
| کوو ئەمین هەندۆر گیتی پەت کارزاری لەتەگی ئەژییە بیەکرتم کوو کە هەندۆر ئاپیستاک ئەوی ڕای گەندەرۆبی زەرییە پاشنی ناو کریتییەیتن. کوو زەرییەپاشنی ئەو ئەوییێت کە مانی ئەویشان پەت زەریا ئەوییێت. کوو ئەبەر پەت زەریا لینگی ئەوییێت و هەمانەگ ئیش و دەستانی ئەویشان پەت گوبرەیی ئاسمان ئەوییێت کوو پەت ئاوی زەریا بیە هەبەر هویشکی ئاماتیەت، |  |
| که من لە جیهاندا لەگەڵ ئەژدیهایەک شەڕم کرد کە لە ئاڤێستادا بە ناوی گەندەرۆی زێڕین پاژنە ناسراوە. زێڕین پاژنە ئەوەیە کە شوێنی مانەوەی لە زەریایە، ئاوی زەریا هەتا پێی ئەو دەبێ و هەروەها دەستەکانی لە گەورەییدا هێندەی ئاسمانە و کە لە ئاوی زەریاوە دەستی بەرەو وشکایی دەگا. [م. او. ۲۹، ۷] | |

دووەمین شەڕی کێرێساسپە لەسەر زمانی خۆی بەپێی دەقی ئەم دەسنووسە، لەگەڵ ئەژدیهایەک بووە کە لە ئاڤێستادا بە گەندەڕۆی پاژنە زێڕین ناوی هاتووە. ئەم ئەژدیهایە لەناو زەریادا ژیاوە و زۆر گەورە و زەبەلاح بووە و کاتێک لە قووڵترین شوێنی زەریا لەسەر پێ ڕاوەستاوە، ئاوی زەریا تەنیا هەتا لینگی هەڵدەکشا و لە ناوەڕاستی زەریاوە دەستی بە کەنار ئاوەکان ڕاگەیشتووە.



و ئوکاتەنگاو هەندۆر ئەلێواری زەرییە ئەبەر توخمیەی ماسیە بیەئویگرتن، هەبەر ڕۆشنیی هووەری پەت ئەپرژنیت و هەبەر دەخویتن و هەچ ئەژ ئەو بیە گیهان هومەرتمان بیەئوگریت. کوو هەک ئیوەک بار دوازدە مرۆی خواریت. پەت ئاسانتر بیەئوزەریت و گەئوسپەندان ڕای. ئی میژ ئەمویریت ئەند کوو پەت داهینی ئەهورامەزدا مرۆی و گەئوسپەند پەت هەچ واکی ئەو ئەژییە ژیوەندەگی نەشیایتن بردن. کوو پەت هەمانەگ هەچ ئەویشان ئەژییە، وەس گەناکی ئەبوییێت، ئەبەر پەت ناو چەشتی ڕای گوپتی ئەیتی. کوو پەت لەتەگ ئەوی گەندەڕۆب ئەژییە کارزار کەئییم، هەبەر ئەیاریهی تۆ ئەهورامەزدا و ئەهمارسپەندان یش لەتەگ، کووم نۆ ڕۆیچ و نۆ شەویە هەندەر گاڤی ئوشبام کوو بیە بەندی کەڤان هەبەر هەر دوو دەست بیە ئوگیرم، کوو هەچ ئەویگاف وەدفرژامی ئەژییە بیە ئوزری گران ویم و ستو بیەئوینم.


ئەو کاتەی لە لێواری زەریا خەریکی ماسی گرتن دەبێ، بە تینی تیشکی خۆر ماسییەکە دەبرژێنێ و دەیخوا. دوای ئەوە خەریکی گرتنی خەڵکی جیهان دەبێ. کە ئەگەر بە یەک جار دوازدە مرۆڤ بەیەکەوە بخوا، ئاسانتر هەرسی دەکا هەروەها گا و مەڕوماڵاتیش. ئەوەشیان گوتووە کە لە جیهانی ئافرێنراوی ئەهورامەزدادا مرۆڤ و ماڵات لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ترسی ئەم ئەژدیهایە ناتوانن بژین. بەهۆی ئەم ئەژدیهایە کاولکارییەکی زۆر بەدیهاتووە کە بەناو ئەم زیان و کاولکاریانە باس کراون. لەگەڵ ئەم گەندەرۆیە ئەم ئەژدیهایە شەڕ دەکەم بە هاریکاری تۆ ئەی ئەهورامەزدا و پشتیوانی فریشتەکان، نۆ شەو و نۆ ڕۆژ لەکاتی ئاسۆی بەرەبەیان، بەندی کەمان بە هەر دوو دەستم دەگرم کە لەم کاتەوە ئەژدیهای بەدەنجام بەم گورزە گرانە پڕ ترس و دڵەڕاوکێ دەکەم و لەناوی دەبەم. [م. او. ٢٩، ٨]

گەندەرۆی پاژنە زێرین ئەژدیهایەکی مەترسیدار بووە و کاولکارییەکی ڕادەبەدەری لەسەر زەوی کردووە. کێرێساسپە بۆ ماوەی نۆ شەو و ڕۆژ دەستەویەخەی ئەم ئەژدیهایە بووە تاکوو دواجار توانیویەتی بە یارمەتی یەزدان و بە هێزی بازوو و توانستی خۆی لێیبدا و بیکوژێ و جیهان لە شەڕی ئەم ناپاکە ئاسوودە بکا.

| | |
|---|---|
|  | ئیوک بار گەناگ مینوگ بیەئوش گێهان ویشوپتن ڕای هەبەر، مەروغەکی کەمەک هەندۆر گێتی بیەدایتی. کوو کەمەک ئەوی ڕای ئەمروویت کە هەبەریش گێهان پەت هویشکی ئیبوییێت، کوو ئەژێری ئاسمان بیەهەبەر هەواگ بیەمیەنییێت و هەبەر هەر دوو پەڕکی خویش ویدارەت ئەبوییێت. کوو کە میزناگی واران هەندۆر گێتیگ بیە، ئاوی واریشن هەبەر ئەوی پەت پەڕکی خویش بیەئوییێت و دووبار ئەوی زەریای بیەڕیژیت، کوو ئیش سروشکی کتەیش هەبەر زەمیگ نەئوپریژەت. هەژیش داهینی گیتیگ هەبەر پایەتار نەمیەنییێت، و تەراتیم ئویەوەنت. |

یەک جار ئەهریمەنی بۆگەن بۆ ئاژاوەنانەوە لە جیهان، مەلی کەمەکی لە جیهان خوڵقاند. کەمەک بەوە دەگوترێ کە بەهۆی ئەوەوە جیهان وشک دەبێ، چونکە لە ژێر ئاسمان لە هەوادا دەمێنێتەوە و هەر دوو باڵی خۆی واڵا دەکاتەوە. تا کاتێک هەوری باران بەسەر گێتیدا بباریێ، ئاوی باران بە هەر دوو باڵی خۆی بگرێ و دووبارە بۆ ناو زەریا هەڵیرێژێتەوە، بە چەشنێک کە لێی سروشک(دڵۆپێک)ی بچووکیش بۆ سەر زەوی نەپرژێ. تاکوو بەهۆی ئەوە ئافرێنراوانی گێتی پایەدار نەمانەوە و تەڕاییان تێدا نەمایەوە و لەناو چوون. [م. او. ٢٩، ١٠]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم بەندەدا ڕووداوی دەرکەوتنی ئەژدیهایەکی باڵدار بەناوی مەلی کەمەک گێڕدراوەتەوە. ئەم مەلە نەگریسە لەلایەن ئەهریمەنەوە بە مەبەستی وشک کردن و کاولکردنی زەوی و لەناوبردنی مرۆڤ بوونەوەران و ئافراندنی یەزدان خوڵقێنراوە. ئەم ئەژدیهایە هۆکاری درووستبوونی وشکەساڵی بووە و لەڕێگەی باڵە فش و گەورەکانی توانیویەتی ڕێگە لە گەیشتنی ئاوی باران بۆ سەر زەوی بگرێ و بەم چەشنە ژیان لەسەر زەوی تووشی گرفت دەبێ و مرۆڤ و گیانداران و دار و درەخت و ڕووەک بەهۆی ئەم وشکەساڵی و بێ ئاوییە قڕ دەبن و لەناو دەچن. لە کۆتاییدا کێرێساسپە بۆ ماوەی حەوت شەو و ڕۆژ ئەم باڵندە نەگریسە تیرباران دەکا و لە ئاسمانەوە دەیپێکێ و دەکەوێتە سەر زەوی و بە گورزە گرانەکەی لە کەلەی سەر و دنۆکی دەدا و تێکی دەشکێنێ و لەناوی دەبا.

<table>
<tr>
<td></td>
<td>ئویش هەچ گەنیگی وەس کوو پەت ناو چەشتی ڕای گوپتەئیتەنت کوو کە هەمەگ وار و جۆگی ڕۆییتییە پەت هویشک بیەبوبیێت هەنت، ئەپزوونیگی مینوگی ئەهورامەزدا کوو کە ئازاتیی نیەئەبوبیێت کە هەمبەر مەروغەکی کەمەک بیەمرەئینیت. ئەڤگاڤ خەپ هەبەر ئەتیری نیوار بیەئوگیرم، ئورپورێ کەمەک مەروغەکی ئوروئیم و لەتەگ هەفت ڕۆژ شەڤان کارژاری ئەویشان بیەئییێم. هەمانەگ کوو پەت واران بیە ئاو وارێت، پەت هەمیژ ئەوێنەگ ئەتیر بیەواریم. هەبەر نیوڕۆج گاڤی کو هەر دوو پەڕەگی ئەویشان و ئویش بیەنگوتم کوو بیە تەنی مەری بەستەک هەمانەگ و هەبەر ئەژێرەگ زەمیگ بیەپتیتەنت. ئەویش وەس هومەرتانی گیتیگ ویسەند، هەنیک هەبەر هەژێر مەری ڤیشوپتەنت. کوو پاش هەمان گاڤی نیزیکی ئەوی بیەبوییێم، ئویش پەت مینکاری ئەویشان هەبەر ئورزی گەئوسەری هوێنەر بیەمرەیتینم داهینی ئەبیش و ئەمەرگ و ئەپەتیارەگ بیەئوبیت.</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">و خراپییەکانی ئەو زۆر بەناو گێڕدراونەتەوە کە هەموو وار و نیشتمان و جۆگەی ئاوەڕێ وشک بوونەوە. ئەی مینوی فراوانی و بەپیتی ئەی ئەهورامەزدا، بەهۆی ئەوەی کە</td>
</tr>
</table>



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی


ئازایەک نەبوو بتوانێ مەلی کەمەک بکوژێ، لەم کاتەدا قەفی تیر دەگرم و لەناو کەوان دایدەنێم و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەلی کەمەک دەڕۆم و لەگەڵی حەفت ڕۆژ و شەوان شەڕ دەکەم. هەروەکوو چۆن باران دەبارێ، ئەوهاش بەوێنەی باران تیر دەبارێنم. لە گاڤی نیوەڕۆدا وەها هەر دوو باڵی ئەو دەئەنگێوم کە بە تەنی ئەوی مەلی ببەستمەوە (واتا بەهۆی بارانی تیرەوە باڵەکانی بە لاشەی دەدرووم) و بەرەو زەوی دایدەکەوێنم. ئەویش مرۆڤێکی زۆری جیهان کوشتووە، هەندێکیش لە ژێر ئەوی مەلی پان دەبنەوە. لە هەمان کاتدا لێی نزیک دەبمەوە، ئینجا لە دنۆکی ئەو دەدەم بە گورزی سەرکەگای خوێنین و دەیکوژم و ئافراندنی [یەزدان] بێوەی و بێ مەرگ و بێ زیان دەکەم.[م. او. ٢٩، ١١]

لە کتێبی (گێڕانەوەی پەهلەوی)دا سەرجەمی ئەم ئەفسانانە هەر وەکوو دەسنووسی (م. او. ٢٩) گێڕدراونەتەوە. هەرچەندە لە وەسفکردنی دیمەنی شەڕی نێوان کێرێساسپە و ئەژدیهاکان و وەسفکردنی سیمای ئەژدیها و ڕادەی مەترسی و کاولکارییەکاندا هەندێ جیاوازی بەدیدەکرێن؛ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەڕۆکدا تەواو لێک دەچن و ڕووداوە سەرەکییەکان وەکوو خۆیان پارێزراون. لە خوارەوەدا گێڕانەوەی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە بەپێی کتێبی ڕیوایەتی پەهلەوی دەخرێتەڕوو و لە کۆتاییدا سەرجەمی ئەم گێڕانەوانە یەکدەخرێن و گێڕانەوەیەکی ورد و تەواوی ئەم ئەفسانانە پێشکەش دەکرێن.

لە (گێڕانەوەی پەهلەوی)دا ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە هەروەکوو کتێبی نۆیەمی دینکەرد و دەسنووسی (م. او. ٢٩)دا لەسەر زمانی خودی پاڵەوانەوە گێڕدراوەتەوە. لەم کتێبەشدا کێرێساسپە لە کاتی دیداری لەگەڵ زەردەشتدا بە مەبەستی بەزەیی پێداهاتنەوەی ئەهورامەزدا سەرجەم کارە باشەکانی خۆی کە بریتیبوونە لە کوشتن و لەناو بردنی ئەژدیها و هێزە ئەهریمەنییەکان لە سەردەمی ژیانیی، بۆ زەردەشت دەگێڕێتەوە تاکوو بەم چەشنە لە یەزدان لێخۆشبوونی بۆ وەربگرێ و لە دۆزەخ ڕزگاری ببێ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

<table>
<tr>
<td></td>
<td>روبانی کێرێساسپە گوپت کوم بیەمورژ ئەهورامەزدا و ئەزم ئانم پەسنە ئەهوان دبییە ئەزم گەرتمان بیەدییە، ئەز ئی سەرومر بیەئوژتم ئەوی ئەسپ خوەری مرۆ خوەری ئەوی ددان هەند چەند بەژنکی من هەبیت ئەوی گوێچک هەند چەند چاردە نمەت هەبیت ئەوی دیە هەند چەند ئوڕتەنی هەبیت ئەوی سروب هەند چەند شاخی پەت باڵا بیت. ئەزم چەند نیو ڕۆج پەت پیشتی هەمی تەژیتیم تاکوم سەر بیەئودەست کرتم، گەتویێ ئو گەرتنی ژەتم بیەئوکوشتم. و هەکەم ئەویم ئەزی نەئوژەتمە ئیش ئەوی هەمیگ دامی تو بیەهەپشینیت و ئیەو تو هەگریز چارەکی ئەهرمەنی نەهیتانستی ئی.</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">ڕەوانی کێرێساسپە گوتی کە بمبوورە ئەهورامەزدا و بە من بدە ئەوەی پەسند و ئەهوەنە، گەردومان(شوێنێک لە بەهەشتە) بە من بدە، بەهۆی ئەوەی من سروبەرم کوشت ئەو ئەسپ خۆر و مرۆڤ خۆرە، ئەوەی ددانی هێندەی چەند بەژنی من گەورە بوو. ئەوەی گوێچکەکانی هێندەی چواردە جاجم دەبوو. ئەوەی چاوی هێندەی چەند چەرخ گەورە بوو. ئەوەی قۆچی هێندەی چەند شاخ(لقی دار) گەورە بوو. من نیو ڕۆژ لەسەر پشتی بەردەوام [ئەسپم] تاو دا، تاکوو توانیم سەری بگرمە دەست و گورزێکم لە گەردنی وەشاند و کوشتم. ئەگەر من ئەوم نەکوشتبا، ئێستا ئەو هەموو ئافرێدەی تۆی هەڵوەشاندبۆوە و بەم چەشنە تۆ هەگیز نەتدەتوانی چارەی ئەهریمەن بکەی. [Dhabhar, 1913: 66-67]</td>
</tr>
</table>



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پێشتر ئاماژە بە هەندێ جیاوازی لە وردەکاری گێڕانەوەی ئەم ئەفسانانە کران. بۆ نموونە لێرەدا لە کاتی وەسفکردنی ئەژدیهای سروبەردا کێرێساسپە دەڵێ: ددانەکانی هێندەی چەند بەژنی من گەورە بوون، گوێچکەکانی هێندەی چوار جاجم دەبوون. لەم دەقەدا بە مەبەستی گەورە پیشاندانی ئەم ئەژدیهایە ئاماژە بەوە دراوە کە ماوەی نیوڕۆژ کێرێساسپە لەسەر پشتی ئەم ئەژدیهایە ئەسپەکەی تاو داوە تاکوو گەیشتووەتە لای سەری و بەگورز لێیداوە و کوشتوویەتی.



کێرێساسپی گوپت کوو ئەهورامەزدا ئانم پەسنو گەرتمانم دبییە چیم گەندەرۆ بیەئوژەتم کەش پەت ئێک بار دوازدە دێیهـ بیەئوجووت. کەئەم هەندۆر ددانی گەندەرۆ بیەنیگاریتم هەش مەرتومی میرتەگی هەندۆر ددان هەگەستی ویستاتن. ئەویش ڕیئیشی من وەگرت، ئەویش بیە زەریا کشانیت ئیەم ئیمان نۆ ڕۆج و شڤان هەندەر زەریا کارژار کشایت و چکۆ هەج گەندەرۆ پەیتیەویتر هەبیتیم. ئەزم تئیی پەی گەندەرۆ گریتم و تاک سەر چەرم بیەئیختم و دەست و پەیی گەندەرۆ پەتەش بەستم و بە زەریا بیەئوبەرکشیتم و بیە ئاخروەرگ هەسپارتم. ئەزم پازدە ئەسپ کوشت و ئوخوارتم. و پەت سایەکی ستوور بیەخەفتم و گەندەرۆ ئاخروەرگی دۆستی کشیت و ئویش هەژەنی من کشیت ئویش باب و دایکی من کشیت. و هەمیگ هومەرتم من هەج خەوم گوهرایەنیتن و هەستامەئیم و هەر گامی هەزار گام بیەئویشتم هەژی هەج پەیی من بیەئویشتم هەری جێش پێکەپت هەژش ئاتەخش هەندۆر هەرژەستی بیەئۆ زەریا ئوزەریتم ئویش وەگرتم و بیەئوژەنیتم.

کێرێساسپە گوتی کە ئەی ئەهورامەزدا ئەو گەردومانە پەسەندەم پێبدە، چونکە گەندەرۆم کوشت کە بەیەک جار دوازدە دێی هەڵلۆشی. کاتێک لە ناو ددانەکانی گەندەرۆم ڕوانی، هێشتا مرۆڤی مردوو بە ددانەکانی هەڵواسرابوون. ڕیشی منی گرت و بەرەو زەریا ڕایکێشام و بەم ڕەوشە نۆ ڕۆژ و نۆ شەوان لەناو زەریا شەڕ ڕایکێشا(خایاندی) و چونکە من لە گەندەرۆ پەیتتر (بەهێزتر) بووم من بنی پێی گەندەرۆم گرت و تاکوو لای سەری، چەرمەکەیم هەڵکێشا و دەست و

پێی گەندەرۆم پێی بەستەوە و بۆ ناو زەریا ڕامکێشا و بە ئاخورەوەرگم (میرئاخوور) سپارد. پازدە ئەسپم کوشتەوە و خواردم و لە ژێر سێبەری ئەسپەکەم خەوتم و گەندەرۆ ئاخورەوەرگی هاوڕێمی ڕاکێشا و ئەو ژنی منی ڕاکێشا، ئەو باب و دایکی منی ڕاکێشا. خەڵکی هەمووی منیان لە خەو وریاکردەوە و هەستامەوە و هەر هەنگاوێکم کردە هەزار هەنگاو، هەر لە هەر شوێنێک پێم دادەنا بەهۆی هەنگاوی من ئاگری لێهەڵدەستا، بەرەو زەریا ڕۆیشتم و ئەوم گرتەوە و کوشتم.[ Dhabhar, 1913: 67-68]

گێڕانەوەی کوشتنی گەندەرۆی پاژنە زێڕین لەم دەقەدا زۆر سەرنجڕاکێشە و تێیدا ڕووداوەکە بەچەشنێک دەگێڕدرێتەوە کە لە دەقەکانی پێشتردا باس نەکراوە. ئەمەش بۆ ئەم کاتە دەگەڕێتەوە کە گەندەرۆ پەلاماری کێرێساسپە دەدا و ڕیشی دەگرێ و بۆ ناو زەریا ڕایدەکێشێ، هەروەها هاوسەر و دایکوباوک و میرئاخووری هاوڕێی کێرێساسپە بەدیل دەگرێ.



کێرێساسپە گوپت کوو ئەهورامەزدا وەهیشت و گەرتومان بیەدەبیم چیم ڕەییگەر بترونیتم کە پەت تەن ئیتون برند بیەوەند ئی هەمیگ ئامای هێشتنت هومەرتومان پەت هەنی شائیتن کوو ئەویشان هەژێر ستێر و مانگ ئەویشان هەژێر گوێچ خومرشێت ئیرۆیتن. ئەویشان ئاڤی زەریای تاک ئو شنۆگ ئەبوێیت. ئەویشان من تاک ئو زینگ بوویتم ئەزم پەت زینگ بیەئوژەنیتم ئەویشان ئێخستم و ئەویشان کوفی پەت زەمیگ شکستن. ئەزم هەکەرم ئێخستی ڕەییگەر نەئوژتم هەنگرۆ هەبەر دامی تو پادیشای بووتییە.

کێرێساسپە گوتی ئەی ئەهورامەزدا بەهەشت و گەردومانم پێ ببەخشە، چونکە ڕێگرەکانم تاراند کە بە تەن و جەستە، وەها بەرز و گەورە بوون کە لە کاتی هاتن و چووندا خەڵکی پێیان وابوو کە ئەستێرە و مانگ لە پەن گوێی ئەودا دەردەکەون و وندەبن. ئاوی زەریا هەتا ئەژنۆیان بوو. من تاکوو زینگ (گۆزینگ)یان بووم. من لە گۆزینگیانم دا و ئەوانم هێخست و بەهۆی کەوتنیان بۆ سەر زەوی کێوەکانیان تێکشکاند.ئەگەر من ئەم ڕێگرە نەخستراوانەم نەکوشتبایە، ئەنگرۆمینو(ئەهریمەن) لەسەر ئافرێنراوی تۆ پاشایەتی دەکرد. [Dhabhar, 1913: 69]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوشـتنی ئەم ئەژدیهـا ڕێـگـرانە دەکـرێ لەگـەڵ کوشـتنی ئەم پاڵەوانـانە بەراورد بکـرێن کە لە زامیـاد یەشـت کەرتـی شەشـەم بەنـدی ٤١دا ناویـان لە ڕیـزی ئەم هێـزە ئەهریمەنیانە هاتووە کە لەسەر دەستی کێرێساسپە کوژراون.

**ئەفسانەی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ**

بەپێی ئەم دەقانەی لەم توێژینەوەیەدا لە کتێبی ئاڤیستا و کتێبە پەهلەوییەکان خرانەڕوو، کێرێساسپە دووەمین کوڕی سام بووە و بە نەریمان واتا نێر و بوێر و جوامێر ناسراو بووە و خاوەنی پرچی بەگوریزە و گورزی گران بووە. هەروەها پاڵەوانێکە کە لەلایەن یەزدانەوە پشتیوانی لێکراوە و خوەرێنە یان فەڕ و شکۆی یەزدانی پێبەخشراوە و بەهۆی ئەم خوەرێنەیە کە توانیویەتی بەسەر کۆمەڵە ئەژدیها و دێوێکی سەیر و سەمەرەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

سەردەمی ژیانی ئەم پاڵەوانە بەپێی دەق بۆ ڕۆژگاری ئییمە یان جەمشید واتا بۆ ڕۆژگاری پێش دەرکەوتنی دینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە. ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم ئەفسانانە بدرێ، دەردەکەوێ کێرێساسپە لە سەردەمی پێش زەردەشتدا وەکوو خواوەند یان نیمچە خواوەندێک بووە کە هێزە خراپ و ئەهریمەنییەکان لەناو دەبا. بەمانایەکی دیکە ئەم خواوەندە یان نیمچە خواوەندە لەگەڵ خواوەندە شەڕەنگێزەکان کە بە دەئێڤە واتا دێو ناسراون لە ململانێ دابووە. ڕێک وەکوو مەردووک لە ئەفسانەی خواوەندانی سۆمەری کە ڕووبەڕووی خواوەندە شەڕەنگێزەکانی دیکە وەکوو تیامەت دەبێتەوە.

پێدەچێ کێرێساسپەش لە سەردەمی زەردەشتدا کە سەرجەم خواوەند و نیمچە خواوەندەکان لە پلەی خواوەندی دابەزێنران و تەنیا ئەهورامەزدا بە خواوەندی تاک و تەنیا دەسنیشان کرا، ئەم پلەیەی لێسەنرابێتەوە و لەناو جیهانبینی و فەلسەفەی دینی زەردەشتیدا توێنرابێتەوە و ئەرکی پاراستنی ئافراندنی ئەهورایی پێ سپێردرابێ. هەر بەهۆی ئەم جیهانبینی و تێڕوانینەیە کە ئەم پاڵەوانە لە ڕیزی نەمرانی دینی زەردەشتی هەژمار کراوە و لە دواڕۆژدا کاتێک هێزی خراپی بەسەر گەردووندا زاڵدەبێ، ڕادەبنەوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەهریمەن و دەستوپێوەندی لەسەر ڕووی زەوی دێنن. لەم کاتەدا ئەرکی کێرێساسپە کوشتنی ئەژیدەهاک یان زوحاک دەبێ کە لە چیای هەرەبەرزێتی بەندکراوە و کۆت و بەند دەپچڕێنێ و دژی ئافرێنراوی پاکی ئەهورایی ڕادەبێ و جیهانی پاکی بوون، پڕ لە پیسی و خراپی دەکا. بەم چەشنە ئەفسانەی پاڵەوانێتی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ بە ڕووداوەکانی دوماهیکەوە پەیوەست دەکرێن.

بەهۆی ئەوەیە دەشێ بگوترێ ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان کە سەرچاوەی هەرە دێرینی زمان و ئەدەبی کوردیین، بەشێکی زۆری سامانی بیروباوەڕ و هزر و جیهانبینی گەلی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوردیـان تۆمـار کـردووە و پاراسـتوویانە. بەپێـی ئەم دەقـانە دەکـرێ ئەفسـانەی کـوردی هاوشێوەی ئەفسانەی گەلانی دێرینی جیهان لەسەر بنەمای زانستیی پۆلین بکرێن و ئەم جۆرە ئەفسانانە لە ڕیزی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی کوردیدا هەژمار بکرێن.

### ئەفسانەی یەکەم

### ئەفسانەی ئەژدیهای سرڤەرێ

ئەژدیهایەکی مەترسیداری ژەهراوی کە خۆراکەکەی بریتیبوو لە ئەسپ و مرۆڤ، خەڵکی سـەر گـۆی زەوی هەراسـان کردبـوو. کێرێساسـپەی نەریمـان ڕۆژێـک کە خەریکـی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ دەبێ، ئاگرێکی گەورە دادەگیرسێنێ و قازانکی ئاسنین لەسەر ئـاگر دادەنـێ. ئەم پـاڵەوانە بـێ ئاگـایە لەوەی کە لەم شـوێنەی ئـاگری هەڵگیرسـاندووە، ئەژدیهایەکی خوێنمژ لە ژێر زەوی پشووی داوە. تینی گەرمای ئـاگر تەنگی بەم ئەژدیهایە هەڵچنی و بەهۆی ئەم ئاگرەوە ئارەق دەکا و لەناو ئاو و ئارەقدا نقووم دەبێ، لەپڕا ڕادەچەنێ و لە ژێر زەوی دەردەپەڕێ و قازانکی پڕ لە ئاوی گەرم هەڵدەگێڕێتەوە و بەم هۆیە ئاگرەکە دەکـولێتەوە. کێرێساسـپە لەنـاو تەپ و تـۆز و خۆڵەمێشـی ئـاگردان و ئـاوی کـوڵاو خـۆی بەلایەکـدا دەدا. لەم کـاتەدا خـۆی لەبەردەم ئەژدیهـایەکی گەورە دەبینێـتەوە. ئەژدیهـایەکی ڕەنـگ زەردی ژەهـراوی کە ژەهـر لە هەنـاو و دەم و لـووتی دەپـژێ. هێنـدەی بەرزی ڕمێـک ژەهـر داوێ. ئەو ئەژدیهایەی بێ بەزەییانە مرۆڤ و ئەسپ دەخوا. بەرزی ئەم ئەژدیهـایە هێنـدەی هەشـتا جـاری بەژنـی مـرۆڤە. ددانەکـانی هێنـدەی ئەسـتووندەیەک دەبـن و هێنـدەی چەنـد بەژنـی کێرێساسـپە بەرزن و جەسـتەی لەت لەت بـووی مـرۆڤ و ئەسـپیان هەر پێـوە بـوو. گوێچکەکانی هێنـدەی چـواردە جـاجم گەورەن. چـاوی دوو هێنـدەی چەرخـی ڕەوڕە گەورەن. قۆچەکانی هێنـدەی چەنـدین لقـی دار دەبـن. لەم کـاتەدا کێرێساسـپە بەخـۆ دێـتەوە و خـۆی تێهەڵدەداتە سەر پشتی ئەسپەکەی و تاوی دەدا. بە درێژایی نیو ڕۆژ لەسەر پشتی ئەم ئەژدیهایە ئەسپەکەی تـاو دەدا، تـاکوو لە کۆتاییـدا خـۆی دەگەیێنێـتە سـەر مـل و نزیـک سـەری و بە یارمەتی یەزدان و لێهاتووی و جەربەزەیی خۆی توانی بە گورزی سەرکەگایەکەی مێشکی بپژێنێ و لەناوی ببا و جیهـانی ئافرێنراوی یەزدان لە شەڕ و نەکبەتی ئەم ئەژدیهـایە ئاسـوودە کـرد.

### ئەفسانەی دووەم

### ئەفسانەی ئەژدیهای گەندەرۆی پاژنەزێڕین

ئەژدیهـایەک هەبـوو کە لەنـاو خەڵکیدا بە گەنـدەرۆی پـاژنە زێـڕین ناسـرابوو. ئەم ئەژدیهایە لەناو زەریادا دەژیا. هێنـدە گەورە و زەبەلاح بـوو کە ئـاوی زەریـای بـێ سـنوور تـاکوو ئەژنۆکانی دەهات. دەسـتەکانی هێنـدەی پانتـایی ئاسـمان گەورە بـوون و لە ناوەڕاسـتی زەریـاوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەستی بە کەناری زەریا دەگەیشت. ماسیگرێکی لێهاتوو بوو، کاتێک ماسی ڕاو دەکرد، بە دەستە گەورە و درێژەکانی ماسییەکەی لە خۆر نزیک دەکردەوە و بەهۆی تینی گەرمای خۆر دەیبرژاند و دەیخوارد. ئەم ئەژدیها تۆقێنەرە هەر بە ماسی تێری نەدەخوارد و ڕۆژانە هێرشی بۆ گوندەکان دەبرد و مرۆڤ و مەڕوماڵاتی دەگرتن و دەیخواردن. هەر جارەی کە هێرشی دەبرد دوازدە گوندی بە سەرجەم مرۆڤ و مەڕوماڵاتەکانییەوە هەڵدەلۆشی و دەیخواردن. بەهۆی ئەم ئەژدیهایەوە ژمارەی دانیشتووانی سەر زەوی کەمی کردبوو و کاولکارییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنابوو و جیهانی ئافرێنراوی یەزدان لە ئاژاوە و نائارامیدا بوو. کێرێساسپە بە زیانەکانی ئەم ئەژدیهایەی زانی و بڕیاریدا بیکوژێ. گورزی گرانی هەڵگرت و سواری ئەسپەکەی بوو. لە کەناری زەریا ئەژدیهای بینی. ئەژدیهایەکی مەترسیداری زەبەلاح، لاشەی مرۆڤ لەناو ددانەکانیدا دەبینران. کێرێساسپە سەری سوڕمابوو. لەپڕ گەندەرۆ دەستی درێژ کرد و ڕیشی پاڵەوانی جیهانی گرت و ڕایکێشایە ناو زەریاوە. نۆ شەو و نۆ ڕۆژ مەیدانیان لێک گرت. کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ بەهۆی ئەوەی پاڵەوانێکی خورت و بەتین بوو، دەستی بۆ بنی پێی گەندەرۆی پاژنە زێڕین ڕاکێشا و چەرمی پێی گرت و هەڵیتەکاند. چەرمی پێی ئەم ئەژدیهایەی لە بنی پێی تاکوو تەوقی سەری هەڵکەنی و دەست و پێی پێیەستەوە و بۆ ناو زەریای ڕاکێشا و بەندی کرد و بە میراخووری خۆی سپارد، تاکوو کەمێک پشوو بدا. کێرێساسپە بەهۆی ئەم شەڕە زۆر ماندوو و برسی ببوو، پازدە ئەسپی سەر بڕی و دەستی بە خواردن کرد. پاشان لەژێر سێبەری ئەسپەکەی پاڵکەوت و خەو بردییەوە. لەم کاتەدا گەندەرۆی ئەژدیها کە زانی کێرێساسپە خەوتووە، خۆی هەڵپچکوڕی و میراخووری هاوڕێی پاڵەوانی بەند کرد. دواتر بە نهێنی هات و هاوسەر و دایکوباوکی کێرێساسپەی گرت و ڕاپێچی ناو زەریای کردن. خەڵکی بە هاوار و دەنگەدەنگ کێرێساسپەیان بەخەبەر هێنایەوە. کە خەبەری بوویەوە بە ڕووداوی گرتنی هاوسەر و دایکوباوک و میرئاخووری هاوڕێی زانی. خێرا بەڕێکەوت. هەنگاوەکانی هێندە خێرا و بەهێز بوون کە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ئاگر لە شوێن پێی هەڵدەستا. خۆی گەیاندە شوێنی گەندەرۆ و گرتی و بە گورزی سەرکەگا لێیدا و کوشتی و دایکوباوک و هاوسەر و میرئاخووری هاوڕێی ڕزگار کردن و دواجار کۆتایی بە ترس و هەڕەشەی ئەم ئەژدیهایە لەسەر مرۆڤ و جیهان هێنا.

### ئەفسانەی سێیەم

### ئەفسانەی ئەژدیهای سناڤیژەکی سەربەقۆچ

ئەژدیهایەکی سەیر و سەمەرەی دەهشەتناک بەناوی سناڤیژەک هەبوو. ئەم ئەژدیهایە بە قۆچە گەورە و هەنگاوە گران و بەتینەکانی بەناوبانگ بوو. سناڤیژەک ئەگەرچی ئەژدیهایەکی مەترسیدار بوو، بەڵام هێشتا منداڵ بوو و پێنەگەیشتبوو. دەیگووت:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جاریٚ مندالّم و پیٚنەگەیشتووم. ئەگەر گەورە بم و پیٚبگەم، ئاسمان دەکەم بە ڕەوڕەوە و کەژاوە و زەوی دەکەم بە چەرخی ڕەوڕەوەکەم. خودای بەهیٚزی چاکە واتا مەزدا لە بارەگای ڕووناکیی یەزدانی خۆی دادەبەزیٚنم و سەروەری هیٚزە خراپەکان واتا ئەهریمەن لە تاریکایی دۆزەخ هەڵدەکیٚشم و لە ڕەوڕەوەکەمیان دەبەستم و ئەوسەر و ئەم سەری گەردوونیان پیٚدەکەم. ئەم ئەژدیهایە بەم تەمەنە کەمەیەوە ئالینگاری هیٚزی خوداکان دەبیٚتەوە و بەم بیرۆکەیەی کە هەیەتی دەیەویٚ دەسەڵاتی جیهان لە مەزدا و ئەهریمەن بستیٚنیٚتەوە و وەکوو خواوەند بەسەر گەردووندا فەرمانڕەوایی بکا و ئەم دوو سەرچاوەی هیٚزی چاکی و خراپی کە وەکوو خواوەند بەسەر گەردووندا فەرمانڕەوایی دەکەن، وەکوو خزمەتکار و هیٚزی ڕەوەندەی ڕەوڕەوەکەی بەکار بیٚنیٚ. گەندەرۆ لە هەمان کاتدا ناو و ناوبانگی کیٚریٚساسپەی نەریمانی بیستووە و دەزانیٚ چ پاڵەوانیٚکە و ئەرکی کوشتنی ئەژدیها و دیٚوەکانە؛ بۆیە دەڵیٚ: ئاواتی خۆم دیٚنمە دی ئەگەر کیٚریٚساسپەی نەریمانم لیٚ پەیدا نەبیٚ و نەمکوژیٚ. هەروەک لە ئەفسانەدا هاتووە، کیٚریٚساسپە دەرفەتی پیٚنادا و دەیکوژیٚ و لیٚناگەڕیٚ مەرامە گڵاوەکەی بیٚتەدی.

**ئەفسانەی چوارەم**

**ئەفسانەی مەلی کەمەک**

مەلی کەمەک ئەژدیهایەکە لەلایەن ئەهریمەنەوە بە مەبەستی لەناوبردنی ئافراندنی ئاهوورایی خوڵقیٚنراوە. ئەم باڵندەیە هیٚندە گەورەیە کە باڵەکانی لیٚک بکاتەوە، پانتایی ئاسمان دادەپۆشیٚ. ئەهریمەنی بەدفەڕ ئەم باڵندەیە دەخوڵقیٚنیٚ و فرمانی پیٚدەدا بە ئاسماندا هەڵفڕیٚ و باڵەکانی لیٚک بکاتەوە، تاکوو تینی خۆر و باران نەگاتە زەوی. بەم هۆیەوە وشکەساڵی سەرتاپای زەوی دەگریٚتەوە. ئەم ئەژدیها باڵندەیە بە تاقی ئاسمانەوە بە باڵی کراوە وەستاوە، ئاوی باران بەسەر باڵەکانیدا دەبارن و گڵی دەداتەوە و بیٚ ئەوەی دڵۆپیٚکی بڕژیٚتە سەر زەوی، ئاراستەی دەریای دەکاتەوە. لە ئەنجامدا زەوی و مرۆڤ و گیانداران تەڕاتیان تیٚدا نامیٚنیٚ. کانی و جۆبار و ڕووبارەکان ئاویان تیٚدا نامیٚنیٚ و بەهۆی ئەم وشکەساڵییە نەگریسەی کە ئەژدیهای کەمەک بەدیهیٚناوە، خەڵکی و بوونەوەران پۆل پۆل دەمرن. هیچ پاڵەوانیٚکی ناودار لە جیهاندا نەیدەتوانی ڕووبەڕووی ئەم ئەژدیها بەدکارە ببیٚتەوە، تاکوو هەوڵەکەی گەیشتە گویٚی کیٚریٚساسپەی نەریمان. پاڵەوانی جیهان ئەسپەکەی زین کرد و ئامادەی مەیدانی شەڕی ئەژدیهای کەمەک بوویەوە. کیٚریٚساسپە حەوت ڕۆژ و شەوان ئەم باڵندە زیانکارەی تیرباران کرد. لە کاتی نیوەڕۆی دوایین ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوە، ئەم پاڵەوانە بەوپەڕی لیٚزانی و شارەزاییەوە تیرە بەبڕشتەکانی ئاراستەی باڵی ئەژدیهای کەمەک کرد و بەهۆی تیرە بەبڕشتەکانی، هەر دوو باڵی ئەم ئەژدیهایەی بە بن باڵییەوە گریٚدا و لە ئاسمانەوە کەوتە خواریٚ. ئەم ئەژدیهایە هیٚندە گەورە بوو کە لەکاتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کەوتنی بۆ سەر زەوی خەڵکێکی زۆر کەوتنە بن جەستە و شاپەڕ و پەڕوباڵی و لەناو چوون. لە کۆتاییدا کێرێساسپەی نەریمان لێی نزیک کەوتەوە و بە گورزی گران لە دەنووکە گەورەکەیدا و تێکی شکاند و کوشتی. بەم چەشنە جیهان لە وشکەساڵی و زیانی ئەم ئەژدیهایە بەهۆی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ ڕزگاری بوو.

### ئەفسانەی پێنجەم

### ئەفسانەی ئەژدیها ڕێگرەکان

کۆمەڵە ئەژدیهایەکی گەورەی بەتین و بەهێز کە لەلایەن ئەهریمەنەوە خولقێنرابوون، بە دەوری یەکدا کۆببوونەوە و خەڵکی لە دەستیان هەراسان و لە تەنگەتاوی دابوون. ئەم ئەژدیهایانە هێندە گەورە بوون کاتێک دەردەکەوتن خەڵکی پێیان وابوو ڕۆژ و مانگ لە پەنای گوێ ئەماندا دەردەکەون و ئاوا دەبن. ئاوی زەریا لە خوار ئەژنۆیان بوو. ڕێگەی خەڵکیان دەگرت و ئازاریان دەدان و تالانیان دەکردن. کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ گورزی گران و تیر و کەوانە بەهێزەکەی دەست دایێ و ڕێگەی مەیدانی شەڕی ئەوانی گرتەبەر. کاتێک لێیان نزیک کەوتەوە، کۆمەڵە ئەژدیهایەکی یەکجار گەورەی بینی کە ئاوی زەریا لە خوار ئەژنۆیان بوو، کێرێساسپەی نەریمان کە گەورەترین و لێهاتووترین پاڵەوانی جیهان بوو، لەچاو ئەوان هێندە بچووک بوو کە بە ئاستەم دەستی بە گۆزینگیان دەگەیشت. لێیان هاتە دەست و بە گورزی گرانی سەرکەگای خۆی لە گۆزینگیانی دا و یەک یەک ئەم ئەژدیها و دێوانە کەوتنە سەر زەوی. ئەژدیها ڕێگرەکان بەسەر چیاکاندا کەوتن و چیاکان بەهۆی جەستەی بەهێز و گەورەیان هەڵوەرین و پان بوونەوە. ئینجا کێرێساسپە یەک بە یەک چووە سەر سەریان و بە گورزە گرانەکەی سەری تەباندن و لەناوی بردن. ئەگەر ئەم ئەژدیها ڕێگرانەی نەکوشتبا، بەهۆی ئەوانەوە ئەهریمەن بەسەر جیهاندا زاڵدەبوو و بۆ هەتاهەتایە بەسەر گەردووندا سەروەری دەکرد.

### ئەنجام:

١- ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپەی پاڵەوان لە ئاڤێستادا بەشێوەی تیلنیشان و ئاماژە گێڕدراوەتەوە و ئەمەش پیشاندەدا ئەم ئەفسانەیە لە ڕۆژگاری کۆندا لەناو گەلی کورددا ناسراو بووە و تەنیا بە ئاماژە پێکردن بە ڕووداوی سەرەکی ئەم ئەفسانەیە بەسەندە کراوە.

٢- ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە لە دەقە پەهلەوییەکاندا و بەتایبەتی لە کتێبی گێڕانەوە پەهلەوییەکاندا بەوردی گێڕدراونەتەوە و بە تەواوکەری گێڕانەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاڤێستاییەکە دادەنرێن و بەهۆی ئەوانەوەیە وردەکاریی ڕووداوەکانی ئەم ئەفسانانە بەدیار دەکەون.

٣- گێڕانەوەی پەهلەوی ئەم ئەفسانانە لە ڕووداوە گشتی و ناوەڕۆکە سەرەکییەکە یەکسانن، بەڵام لە وەسفکردنی وردەکاری دیمەنی ڕووداوەکاندا جیاوازن و ئەم جیاوازییانە لاوەکین و پتر بە مەبەستی ڕازاندنەوە و سەرنجڕاکێشتر کردنی ئەفسانەکان لەلایەن گێڕەرەوەکان بەدیهاتوون.

٤- بنەڕەتی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ڕۆژگاری پێش دەرکەوتنی دینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ بیروباوەڕی ئەم دینەدا هاوتەریب کراوە و خراوەتە خزمەت جیهانبینی و فەلسەفەی زەردەشتییەوە.

٥- کێرێساسپە لە خواوەند یان نیمچە خواوەندی پاڵەوانەوە بەگوێرەی بیروباوەڕی زەردەشتی بۆ مرۆڤی پاڵەوان کە خاوەنی خوەرێنە یان فەڕی یەزدانییە گۆڕاوە. پاڵەوانێک کە لەلایەن ئەهورامەزداوە بەمەبەستی پاراستنی ئافراندنی پاکی ئەهورایی پشتیوانی لێدەکرێ و خاوەن هێزێکی یەزدانییە.

**سەرچاوە:**


١- رضی، هاشم(١٣٤٦). فرهنگ نامهای اوستا، جلد دوم، انتشارات فروهر، چاپ اول، تهران.

٢- کریستی، آنتونی (١٣٨٤). اساطیر چین، ترجمه باجلان فرخی، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران.

٣- م. او. ٢٩ دەسنووسی دەقی پەهلەوی زانکۆی شیراز.

٤- همیلتون، ادیت (١٣٧٨). سیری در اساطیر یونان و رم، ترجمه عبدالحسین شریفیان، انتشارات اساطیر، چاپ سوم، تهران.

5- Dhabhar. M. A. (1913) The Pahlavi Rivayat, Printed at The Fort Printing Press, PubliShed No 1., Bombay

6- Karl. F. Geldner(1886). Avesta I, Kohlhamer, Stuttgart

7- Karl. F. Geldner(1889). Avesta II, Kohlhamer, Stuttgart

8- Karl. F. Geldner(1896). Avesta III, Kohlhamer, Stuttgart

9- Madan, D. M (1911) The Complete Text Of The Pahlavi Dinkard, Part II, Books VI – IX, Printed at the Fort Printing Press, No 1. Bombay.

10- Sanjana, Peshutan (1922). The Dinkard, British India Press, No 1, Bombay

# اسطورهء اژدهاکشی در ادبیات کوردی


**چکیده:**

اژدهاکشی در اساطیر ملل مختلف از جایگاه بخصوصی برخوردار است و در زمرهء اساطیر پهلوانی محسوب می‌شوند. کهنترین اسطورهء پهلوان اژدهاکش در ادبیات کوردی بواسطهء کتاب اوستا به دست ما رسیده‌است. در بخش‌های مختلف اوستا از پهلوانی با نام گرشاسپ به عنوان پهلوان اژدهاکش سخن به میان آورده شده است. ماجراجویی و پهلوانی‌های وی به زبان کهن کوردی، در اوستا روایت شده‌اند. همچنین بخش‌هایی از این اساطیر در متون پهلوی روایت شده‌اند که بر مبنای آنها می‌توان روایت ناقص و مبهم اوستا از این اساطیر را بازسازی کرد و متن کاملی را ارائه داد. این پژوهش بر آنست بر اساس نظریهء تحلیل اساطیر، روایت‌های پراکندهء اوستا و متون پهلوی از اسطورهء اژدهاکشی گرشاسپ را در کنار هم قرار داده و شکلی منسجم و درخور به آن بدهد. تحلیل و تفسیر این اساطیر کار پژوهش را به آنجا رسانید که کهن‌ترین اساطیر اژدهاکشی به زبان کهن کوردی، نخستین بار در کتاب اوستا مندرج شده‌اند و به باور دینی و قومی ملت کورد پیوستگی یافته‌اند.



**واژه‌های کلیدی**: *اسطورهء اژدهاکشی، اوستا، متون پهلوی، گرشاسپ.*


## The legacy of killing dragon in Kurdish literature


**Abstract:**

Killing dragon has a vital position in nations' myth and classifies as ancient legacies of champions. The oldest Kurdish tale about killing dragon has been narrated in the book of Avesta. In different sections of the book, heroic role of Kirsāsp (Kərəsāspa) which was known as dragon killer has mentioned. His legacy and champ tales which is full of daring and bravery has been narrated, through Kurdish language, in Avestan text. In parallel with Avesta, a part of the battles has been narrated in Pahlavi books and through those narration, vague parts of Avestan narration could be completed. The current research, through myths analysis, has tried to collect the data about the different sections of Kirsāsp myth, the dragon killer, in Avestan and Pahlavi texts and analyses them. The finding shows that the oldest dragon killing myth in Kurdish verbal literature, that sourced from ancient Kurdish religious and national beliefs, was written in Avestan book.



**Keywords**: *Myth of dragon killing, Avesta, Pahlavi texts, Kirsāsp.*